

# ئارام... ئارام...
# لەژیان بروانه

نووسەر
حەیات موحەمەد

2021

کتێبخانەی (PDF)

**ناوی کتێب:**

ئارام ئارام.. لەژیان بڕوانە.

**نووسینی:**

حەیات موحەممەدی

**جۆری کتێب:**

وتە، حیکمەت، پەیام.

# ناوەڕۆکی کتێب:

بە ئارەزووی خۆت چ ناوێکی لێ دەنێیت:

وتە،

حیکمەت،

پەیامی ژیان!

شیعر! پەخشان،کتێب!

ئیدی هەرچۆنێک کە لێی دەڕوانیت،

گرینگ ئەوەیە لە کۆتاییدا ئەوەی دەیخوێنیتەوە ڕوانینی منە بۆ ژیانی دونیا، وە پەیامێکیشە بۆتۆ!

# پێشەکی

بەناوی مەزنترین زاتی دنیا، وە سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ ئەم زاتە مەزنە، کە بواری ئەوەی پێدام یەکێکیتر لە خولیا و ئاواتە هەرە گەورەکانم بکەم بە حەقیقەت!

بێگومان خودا خالق و بەدیهێنەری هەموو شتێکە لە گەردووندا، وە مرۆڤیش جوانترین و بەنرخترین بەدیهێنراوی ئەوم، وە من بڕوام وایە کە چۆن خودا مرۆڤی هەڵبژارد بۆ ئینسان بوون، کە یەکێکە لە جوانترینەکان، بەم پێیەش وادەڕوانم کە ئینسان بۆ کردەوەی جوان بەدیهێنراوە! وە هەر لەبەر ئەم هۆیەشەوە، ویستم ئەرکی ئینسان بوونم بە شتێک قەرەبوو بکەمەوە، شتێک کە هەم خۆم خۆشبەخت بکا، هەم ئەوەی هەڵمبژاردوون تا کارەکەمیان بخەمە بەردەم، هەر بەم شێوەیەش ئێستا یەکەم کتێبم بەشێوەی **پی دی ئێف** دەخەمە بەردەم ئێوەی خوێنەری ئازیز.

وە هیوادارم هیچ نەبێت..دڵتان پڕلە هێز بکەم بە دێرەکانم....

وە دووبارە سوپاسی زاتی گەورەم دەکەم کە پاڵپشتمە!

وە دەتوانم بڵێم تاکە پاڵپشتمە!

بۆیە هەمیشە سوپاسگوزاری ئەوم!

ئەوە دەستپێکێکی گرنگە لە دنیای مندا، وە بێگومان وەکوو یەکەم کتێبم ناتوانم باشترینی جیهان پێشکەش بکەم، وەلێ هیچ نەبێت دەتوانم باشترینی خۆم پێشکەش بکەم.

پشتیوان بەخودا ترسم وەلانا، وشەی پەنگخواردووی چەندین ساڵەی گەرووم، لەم کتێبەدا بەجوانیەکی ڕووناک دەخەمە ڕوو.

یه‌كه‌م كتێبم له‌ژێر ناونیشانی:

《ئارام ئارام، له‌ژیان بڕوانه》 ده‌نووسم، ئه‌م ناونیشانه‌م هه‌ڵبژارد چونكه من ده‌رباره‌ی ژیان ده‌دوێم ژینی دنیایی! وه‌ بێگومان ژیانی دنیاش پڕه‌ له‌ هه‌را، پڕه‌ له‌ مه‌ینه‌ت، زێده‌یه‌ له‌ ئازار، شه‌كه‌تی و ماندویه‌تی. دایمه‌ له‌ حوزری و میوانته‌! بۆیه‌ پێویستی به‌ ئارامی هه‌یه‌ تا تێپه‌ڕێ.

دنیا كه‌سی نائارام و دژوار قبووڵ ناكا، ئاگاداربه‌!

بۆیه‌ پێت ده‌ڵێم: ئارام ئارام...له‌ ژیان بڕوانه‌ه!!.

# سوپاسنامە:

سوپاسێکی بێ پایان بۆ خاتوونی یاریدەی من نووسەری سەرکەوتوو: خاتوون **هێلین_خەلیل** نووسەری کتێبە پڕ جوانەکەی: **کچانی بەیبوون**، خوشکێکی هیوادەر، و یاریدەی سەرەکی من.

وە سوپاس بۆ کەس و نووسەرگەلی تر،کە بە یەک ڕستەش بووبێ یاریدەی من بوون.

# ئەم کتێبە پێشکەشە:

- بە هەموو ئەو کەسانەی کە بۆ جارێکیش، بە وشەیەکیش بێ دەستی یارمەتییان بۆ درێژ کردووم.
- وە بە هەر کەسێ،کە بڕیارە کەڵک وەرگرێ.

حەیات موحەممەدی

2021/2/1

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

دەمارگیر و دژوار مەبە

کەسانی دەروون بەڕق قبووڵ نەکراون

هەم لای زاتی مەزن، هەم لە ژیانی دنیاش

ئێرە دنیایە.

پڕە لە مرۆڤەکان، وە فرە لە شتەکان

زێدە لە ناخۆشی، وە هەمیشە سەداو سەروا

تۆیەک کە دەسەڵاتی ئارام ڕاگرتنی دەروونت نەبێ...

بە چ ڕێی ئەسڵەن بێ ئەسڵوو ئەسساس!

بە نیازی شان بەشانی ژیان هەڵبخشێی؟

ئێرە دونیایە!

ئەگەر دەتەوێ لێرە بمێنی؟

ئەوا ئارام ئارام لەژیان بڕوانە.....

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

# ئەگەر

هەموو دونیا لەگەڵت بن، بۆئەوەی تەنهاییت پڕبکەنەوە
ئەگەر خودات، لەدڵەوە لەگەڵ نەبێ
تۆ هەر تەنهایت
چوون دوور لەخودایت
بەڵام ئەگەر، لەنێوان گشت کەسی دنیا، تەنها بییت
گەر یادی خودات لەدڵ دابێت
تۆ تەنها نییت
خودا کەستە
دەبزانە، تۆ ئەو دەم کامەرانییت
چوون گەر خودا کەست بوو
دونیا هەموو دژت بێ، تۆ گوێی پێنادەی....

لێگەڕێ، با لەبیرت بکەن
کەس لای خودا لەبیر ناکرێ
خودا، تۆ بە شێوەیەک دەخاتەوە بیریان، وەک ئەوە وایە
کە تۆڵەی تۆ دەکاتەوە، بۆیان دەکات بە سزا، ئەم یاد خستنەوە....

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

کۆڵمەدەھ

لەگەڵ ماندووبووندا،کۆڵدان گەورەترین هەڵەیە

تۆ تەنها ماندووی

ئەوەی پێویستتە، تەنها مەودایەک پشوودانە

پشووبدەھ، ئەوەندەی دەتهەوێ پشووبدە

بحەسێوەھ

تا ئەو کاتەی وزەت دەبێت

لە دواییدا دەست پێ بکەوە

ڕێڕەوەکەت بگرەوە بەر

ئەوەی لەسەر ئێمەشە،دەبێ پێت بفەرمووین

سەرکەوتوو بیت....

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

# من عاشق بووم

کاتێ عاشق بووم، ترسی دركاندنیم نەبوو
وە لەوەش نەترسام، کەنەوەک تاکلایەنە بێ
زۆر ڕاشکاوانە، عەشقی خۆمم دەخستە بەردەم دنیا
لە مەودای عاشق بوونمدا، هەرگیزاو هەرگیز
غەم میوانی شەوانی درێژم نەبوو
بێ ئۆقرە نەبووم،کە ئاخۆ ئەو منی خۆشدەوێ؟
وە لە عەشقی مندا، بۆ ساتێک پەیڤی چاوەڕوانییش نەبوو!
چونکەکاتێ چومە حزوری خۆشویستنی ئەو، دەمێک بوو خۆشەویستی ئەو بووم.
دەمێک بوو بە خۆشەویستی ئەو قبووڵ کرابووم، دەمێک بوو ژیان چاوەڕێی ئەوەبوو،کە وەبیر ئەو خۆشەویستیە بێم!

ئازادانە، وە سەرسەختانە، وە شکۆمەندانە
خۆشەویستیم کرد
وە ترسی لە دەست دانیم نەبوو، وە لە مانەوەشی لام، وەک بوونم دڵنیام.
من لەگەڵ بوونی ئەو دا، تەواو ئاسوودەم
ئیدی ترسم لە مردنیش نییە، ئیدی ئاسوودەیی و ئەڤینی خۆمم دۆزیەوە.

بەڵێ من عاشق بووم

وە مەعشووقی منیش، تەنها و تەنها

زاتی پڕ میهر **الله** یە.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

ئەو گریانەت، لە پای چی

لەتاوی چی دەگریت؟ ئاخر لەداخی چییی؟

دونیا؟

دونیایەک، کە لە دوای خۆی دەتخاتە ژێر خاکی خۆی!

یان لە تاو کەسێ؟

چ کەسێ،کەسێ لە دوای مردنت ئەسڵەن لەبیریا نامێنی!

یا لەداوی شتێ

شتێ، کە سوور دەیزانی مادەم شتە کۆتایی دێتێ

دەی چییی ما، بەسە ئیدی، دەسهەڵگرە ئەزیزم

کە تۆ مرۆڤی،

ئیدی هەرچۆنێک بێ دەبێ بەرگەی ئەو ژینگەیەش بگری کە تۆخمەکەت دروستی کردوون..

ئینسان لە وشەی نەسیانەوە هاتووە،کە بە مانای:

فەرامۆش کردن، لەبیرکردن، پاشان بەردەوام بوون،

دەئیدی ئینسانی،کە ئینسانی بۆیە شوێنت زەویەو،کارت ژیانە.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

## ئارام ئارام..... لە ژیان بڕوانە

لە دەریایەکم ڕوانی

کە خەڵکانێک بەسەریا هەڵشاخیبوون

دەستیان دەخستە لێوار و قووڵایی سەرەتای دەریاکە

شتی بەنرخ ئاسام دەدیت بەدەستیانەوە

لە وەختێکا، کە هەموویان

سەرگەرمی خستنە باوەشی خشڵ ئاساکان بوون

پیاوێکم بینی، کە ستلێکی پێبوو

زۆر بە نەرمی ستڵەکەی بە دەم دەریادا هەڵکێشا

وە سەتڵەکەی پڕ وەلێ تەنێ لە ئاو

وە تەنها و تەنها ستڵە ئاوەکەی خستەسەر شانی و

خەریک بووکەنارە پڕ گەوهەرەکە، بەجێبهێڵێ،

شتێکی نامۆ بوو، وە جێگەی پرسیاربوو، ئاخۆ چی وای لەو پیاوە کردووە دەست بۆ خشڵەکان نەبات

لێم پرسی: لە کەنارێک کە وەک ئەوە دیارە خشڵی لێ باریوە ئەوەی کە هەڵتگرت، لەبەرچی بەس ئاوە؟

پیاوی نامۆ گوتی: سوێند بەوەی کە هەرچی نیعمەتە پێی بەخشیوم، تاکە پێویستی من لە ئێستادا، تەنها ئەم ستڵە ئاوەیە، باوەڕبکەگەر لێرە جگە لەم ستڵە ئاوە، شتگەلی تر ببەم، جگە لەمەغروور بوونم پترم پێ نابەخشێ! دەی کەواتا، ئەوەش دەبێتە زیادە لە ژیانم!

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

گەر بڕیارە ژیانم سەخت بێت، با سەخت بێ

گەر بڕیارە ڕێگاکانم تەسک و دژواربێت، با ببێ

گەر بڕیارە تەمەنێکی کورتم هەبێ، دەی با کورت بێ

گەر بڕیارە ئەوەی خوازیارمە نەبێ، با نەبێ

گەر بڕیارە ئەوەی لە دڵمایە پێی نەگەم، دەی با نەگەم

گەر بڕیارە هەر چ گێژەڵووکە  لە دنیا بە ڕوی مندا هەڵبکات، با هەڵ بکات!

خاوەن بڕیارەکانم خودای خۆشەویستم بێ، نەک لەسەر چاوم

لەسەر دڵم دایاندەنێم، وە بە ڕۆحیشم قبووڵی دەکەم

چون گەر لەپاش هەموو ئەوانەشەوە، کە پێویستە دڵ خۆش و تەقوادار بم، بووم

بڕیارە  شوێن و جێگەم بەهەشت بێ، زۆر سوپاس

دەی با ببێ

**وعد الله الحق**

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

کە دەبینی لایەکی دیواری ماڵێک درزێکی تێکەوتووە
گەر دەزانی خاوەن ماڵ بێ ئاگایە و هەستی پێنەکردووە
دەی بۆ ناچی گەورەیی بنوێنی و لە تەقەی دەرگای ماڵی شێواو بدەی و وەخەبەری بێنییەوە؟
هۆکار چی بوو دەچی بە قازمەیێ خراتر دایدەڕمێنی؟
ئەی نازانی ڕۆژێک تۆیش بێ ئاگا، لە دەردی شتێ ئالآبی؟
ئاگات لە لەیەکی دیواری لانەکەت نەبی!
یەکێ بێ ئەوەی وەخەبەرت بێنێ باشتر
یا لەوەی دایرمێنێ.
دەی گەورەیی بنوێنە، بەزەیی بڕژێنە، جوانی بچێێنە
گەر ڕوخێنەربی، دەستکەوتت هیچە
وەلێ گەر خەبەردەربی، خوا خۆشەویستتە

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

غەمبار دیاری

بۆچی؟ تۆ خەمت هەیە؟

نا، گەورەترین خەمی تۆ، زۆر بیرکردنەوەتە لە شتەکان،

هەوڵبدە تەرکی بکە،

بەڵێن بێ کە خەمەکانیشت خۆیان دەڕۆن

تەرک دەبن

تەریقەتی ژیانکردن وایە

ئینسان لەسەرچی بڕوا

ئەوەی بۆدێ.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

ئازار درایی؟

شکێنرای؟

زۆر تۆیان گریاند؟ زۆریان خەم دەرخوارد دای؟

لە ڕێگە نەخشینەکانتابەردی گەورەیان کرد بە ڕێگر؟

وایی چ ئازارێکە! زۆر بێکەسی، تەنهایی تەنگی پێ هەڵچنیویی؟

لەوپەڕی بێهیوایی دایت

دەزانم

زۆۆر سەختە ژیانت

ئەوەشیان دەزانم

کە هەستیش بە شکان و تەنهاییش دەکەیت، دەتوانم دڵنیایت بدەم کە ڕێک وایی نین!

کە هێشتا (خۆت)ت هەیە

ئەو ڕۆحەی کە خودا پێی بەخشیوی هێشتا لە جەستەتا بوونی ماوە!

واتا هێشتە لە ژیاندا بەبوونەوە هەیت!

لەو پەڕی لێواری خزانت بۆ لەناوچوون، سەرێک هەڵبڕە

سەیرکە کەسێک دەستی بۆ درێژ کردووی!

دەی بە چاوی نووقاوەوە توووند ئەو دەستە بگرە

ئەوسا وا خەریکە هەست بەو هێزە دەکەی کەوا لە هەوڵی هەستاندنەوەت دایە

گەشایەوە؟ ئێستا زانیت کە تەنها نیت؟ خەریکە شتەکان دەگۆڕێن.

تەواو ئێستا لەسەر قاچەکانی خۆتیت، دووبارە
وایی چ هەستێکە! هێشتا دەستت لە دەستی یاریدەت بەرنەداوە
بەریمەدە! چاوەڕێکە ئەگەر بەحەسرەتی دیداری ئەو کەسە باشەی بەریمەدە.

بەچاوی نووقاوەوە لەسەر پێیت و دەستێک لەدەستتایە، بەپەرۆشەوە دەتهەوێ چاو هەڵبێنی، ڕزگاریدە و خاوەنی ئەو دەستە ببینی، دەزانم.

تەواو، ئێستا چاوەکانت هەڵبێنە
ئیدی هەم ئەو ساتە ڕۆشنەت ببینە، هەم کەسی هیوادەرت
چاوەکانت کردەوە سەرسامی بەوەی دەیبینی؟
ئەوەی بەو پەڕی دڵدەریەوە چاوەڕێی چاو کردنەوەت بوو، هەر ئەوەی کە یاریدەدەرت بوو!
ئەو کەسە (خۆت) بووی!
(خۆت) بە یاریدەی یەقینی خوداییەوە
(خۆت)،کە بەو پەڕی هیواوە، چاوەڕێی هەستانەوەت بوو، بۆ بەژداری کردنت بە ژیانێکی جوانتر و دڵڕفێنتر لە گەڵیا.

ئیدی واز لەو حەپەساویەت بێنە، سوپاسێکی پڕ بەدڵی خودا بکەو، بەو پەڕی میهرەوە بە موحیببەتەوە، بە توندی باوەشێک بە(خۆت)ی بە یەقین دا بکە. ئیدی لە ئێستاوە تا کۆتا، هەرگیزاو هەرگیز دەستی یاریدەی میهرەبان و بەهێزت بەرمەدە.

وە بیکە بە باشترین هاوڕێی ژیانت و، بگەڕێوە سەر ژیانی ئاسایت و، لەگەڵ ویدا ڕێگاکانی خۆشبەختیت بگرەوەبەر.

وە دڵنیایت دەدەم، ئیدی لەگەڵ ئەو هاوڕێ باشەی کە خودا ناردی و دای بەتۆ، کە (خۆت)ێکی بە یەقینە، سەرکەوتنت نزیکە و ژیانت ئاسانتردەبێت.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

چ خۆشیەک وەردەگریت؟

کاتێک ئینسانێک دەشکێنی بە وشەکانت.

چ چێژێک لەوەدا دەبینیت؟

کە کەموکوڕیە نەبەدەستەکانی بیردەخەیتەوە.

لەکاتێکدا، ئەو هەموو ئاوێنەکانی ماڵەکەی ورد و خاش کردووە، لەمەڕ ئەو نیشانەی کە نایهەوێ ببینێ و هەرگیز قبووڵی نەکردووە.

هۆکارەکەشی کە ڕەخنە ڕووخێنەرەکانی ئێوەن.

چ پێویست دەکات کە تۆ ڕۆژانە بە قسەکانت ئاوێنەیەکی تری بۆ دروست بکەیت؟

ئاوێنەک کە هەرگیز ڕاستی نەکردووە، ئەو جوانیەی کە هەرای لێ دەکرد شاردیەوە.

چ دەسکەوتت بوو لەو کردارە ناپەسەندەت؟

چ لە ژیانت گۆڕا جگە لە تەنگ کردنەوەی زیاتری ژیانی ڕوخێنراوی ئەو؟

هەریەکەمان لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان وامان بێتەوە پێشێ کە نامانهەوێت، ئەوسا وەکوو ئەو قبووڵی ناکەیت، کەسێ بگرێ لێت ڕەخنەیەک. جیا لەوەش، ئیدی هەست بە هەستی ڕووخاوی ئەو دەکەیت و بێ دەسەڵات دەوەستیت.

دەی جا لە ڕووباری ژیانی خۆتەوە بڕووانە ڕووباری ژیانی هەمووان و، مرۆڤانە لەسەر زەوی ڕەفتاربکە. جا گەر هەریەکە دەست

هەڵگرێ لە تاریک کردنی ژیانی تاکێک، ئەوسا ژیانی دونیایی و سەر زەوییش ڕوناکتر دەبێ.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

## ئارام ئارام..... لە ژیان بڕوانە

سەردەمانێک باوەڕکردنم بەوە سەخت بوو، کاتێک کەسانێک دەیانگووت: هەر چ خۆشیەک بێ لە دنیادا بۆی ڕادەکەین، هیچ لەخۆمان قەدەغەناکەین، چوون خۆمان خۆشدەوێ. وەلێ کە ئێستا گۆڕاوە بۆ مەحاڵ، کە دەبێژیت خۆم خۆشدەوێ، هەرچی دڵم خوازیاری بێ، دەیدەمێ. ڕاست نابێژیت، لە قسەکانیا قەت ڕاستی بە دی ناکرێت.

ڕاست نالێ، ئەسڵەن خۆی بەلاوە گرنگ نییە جگە لەو دونیا بێ بەهایە.

چوون ئەگەر کەسێک خۆی خۆشبوێت، یەکەم کردار کە بیکات بۆ خۆشبەختی و خۆشی خۆی، دەست هەڵگرتنە لەگوناهەکانی.

چوون ئەگەر خۆی خۆش بوێت ناشیەوێت ئاگرێک بیبرژێنێت.

ئەگەر خۆشی خۆی تا سەر بوویت، بەم شێوەش لە ژیاندا بۆ دونیا غافڵ نابێت، ئیدی بیری لای ئەو دونیا نەمابێت.

ئەگەر خۆی خۆشبوویت، قەوارەیەک بۆ شتگەلێک دادەنێت کە نابێت بیانکات، وەلێ کوا داینا! بەڵام ئیدی خۆش ویستنی خودی خۆیشت بووە بە تەقلیدی دونیایی بێ بەها.

بووە بە تموحی ژیان لە پێناو هیچ دا

بووە بە گێژی سەر دنیا، ئیدی

ناشیزانێت کوا کاتی و چەنی کات ماوە

بۆیە ئێستایش بەردەوامە، لە خۆشکردنی بڵێسەی ئاگرەکەی گیانی، بە گووناهە بێ کۆتاکانی.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

## تەمەن

گەشتێکە بە ژیاندا

وەک هەر گەشتێکی تر، ڕێگەی جیاوازی هەیە!

هەم سوود و هەم زیانی هەیە

درێژی و کورتی هەیە

گەرچی نارەحەتی و ماندوویەتیشی هەیە

کەچی دەتوانی یادگاری جوان لە مەودای گەشتەکەتدا تۆماربکەیت

ئەم گەشتە لەوانەیە سەفەرێکی کورت بێت و لەوانەشە درێژ

وەلێ هەرچەندێک بێ دەبێت شتگەلێک فێربیت و شتگەلێک بکەیت و شتگەلێکیش جێبێڵیت

هەموو گەشتێک ئامانجێکی مەبەستە

ئامانجی گەشتی تەمەنیش:

ئەزموونی ژیانە.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

# تۆ ئازادی

بڕیارە چەند کەس بناسیت، بیانناسە.

دەتەوێت ناوی کەسێک بزانیت، بیزانە.

لەگەڵیان دادەنیشیت، دابنیشە

پێدەکەنیت، پێبکەنە

بەڵام هۆشیارانە ئاگاداربە، ناونیشانی دۆست لە هەموویان مەوەشێنەوە

وە هەمیشە و تاکۆتایی چوارچێوەی هاوڕێیەتیت سنوردار بکە

وە ڕێگەش مەدە کە کەسی نەشیاو سنوورەکەت ببەزێت

چونکە لەوانەیە کە تەنها کەسێک، ڕێگە و ڕێچکەی ژیانت بگۆڕێت و بیشێوێنێت.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

## ئارام ئارام..... لە ژیان بڕوانە

بێ شک لەوەی کە هەموو ئادەمیزادێک، کۆمەڵێک شت لە دڵی دا هەیە، لەژێر ناونیشانی:(حەز، هیوا، ئاوات، ئامانج، خەون، خەیاڵ) هتد... وە بە تەبەقە دەخرێنە هەر یەک لەو خانەو پەیڤانەی کە لەسەرەوە بەر دیدەت کەوتن.

بەتەبەقەی یەک: ئامانج، دوو: ئاوات، سێ: هیوا، چوار: خەون، پێنج: خەیاڵ. ئەوە لەڕووی بیرکردنەوەیەکی سادەی هەموو ئینسانێکی ئاسایی. وەلێ ئینسانە بەبیرەکان، ئەوانەی خەڵکانی ئاسایی دەیخەنە خانەی خەون و خەیاڵەوە، کە ئەگەری ڕوونەدانی زۆرترە لە ڕوودانی لە هزرو بیردا. ئەوان دەیخەنە خانەی ئامانجەوە، کە بەتەبەقەی یەکەمی ئینسانە بیر ئاساییەکانە.

بۆ ئەوەی بە ئەستەم و گران کارێک داینەنیشێنن لە هزر و خەیاڵدا بۆ ئەوەی بە حەزی زوو بە دەست گەیشتن بەرەو پیلیا ڕاکەن.

ئەوسا بەو پەڕی هێزەوە بە تمووحەوە، بەئیراد ەو توانا و ئینێرجیەوە دەستی بۆ دەبەن.

ئا ئەوەتا، ئەوەیە نهێنی سەرکەوتنی هەر تاکێکی ئینسانە سەرکەوتووەکان لە ژینی دنیایی..

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

ئەگەر لە ناو جەرگەی گێژەلۆک و گەردەلوولی دونیادا، بەولاوە ئەملادا کەوتی.

ئەگەر لە حەشمەت سارد و سڕیی بەستەلەک ئاسای ژیاندا، دەستەکانت دەقی پارچە سەهۆڵی ڕەق بووە.

ئەگەر لە کوچەی گەردوونی ساماندار بە شت گەل و مرۆڤەوە، بەدوای باوەشێکی نەبووی،گەرموگوڕی ئارام و نەرم دا، وێڵ و سەرگەردااندا ماوی!

ئەگەر سەرباری هەموو ئەوانەشەوە، خودا تۆزقاڵێک هیدایەتی ئەوەی پێدای،کە لەو وەختەساتەیا ئەوت بێتە خەیاڵی.

دەی بڕۆ بۆ حوزوری و، بدە لەتەققەی دەرگای ئەو، بەو کەمە هێزەی کەماوتە، گوێبیستی دەبیَ خەمت نەبیَ، ئەوسا بەو پەڕی میهرەوە، بە دەستە سارد و ماندووەکانتەوە، بە نیازی باوەڕەوە، دەستەکانت بۆلای بەرزکەرەوە، خۆ ئەو ئینسانیَ نییە، شەق لە دەستەکانت بدات، پێت بڵیَ بڕۆ لە دەرگەیەکی تر بدە، شوێنی تۆم نییە لێرە. ئەو بەهەموو بوونەتەوە قبووڵت دەکات. ئەوسا هەرچی لە دڵتایە دایڕێژە!

خۆ ئەو ئینسانێک نییە پێت بێژێت، بەسسە بێزارم مەکە بە قسە دووبارەکانت، گوێچکەکانی شل کردوە بۆ هەموو قسەکانت، بۆ شکاتەکانت وە بۆ ڕاز و نیازەکانت، قسەکانت پیَ نابڕێت وەک ئینسانێک، پێش ئەوەی بزانێت دەردت چییە ناڵیَ ها ئەوە دەرمانێک، یا

ناڵێت باسی مەکە دەردت نییە بۆی دەرمانێک، بێ هودەشت ناکا قەد قەد لە ژیانێ، نا، نا هیچ یەکێک لەوانەت پێ نافەرموێت، کە تۆ خەریکی گوفتی خۆتیت، کاتێ سەرگەرمی دەرخستنی ڕازی خۆتیت بۆی جا گەر ڕازبێت یا نیاز بێت، کە تەواو بوویت ئەوسا دەست دەکات بە ئامۆژگاری و ڕێنووێنیت، وە گوێ بیستی پەیڤ و وشە بەنرخەکانی دەبی کاتێک خەریکی خوێندنەوەی ئایەتەکانی.

دەی تۆ ئەو چەند وەختەساتە، هەمووی لە باوەش ئەودا بوویت، وەلێ ئەوەندە بە نەرمی لە سینەیدا لە ئامێزی گرتبووی، ئاخر هەستت بە دەستەکانیشی نەدەکرد، وەلێ تەنها هێمن هێمن لە ئامێزی گرتبووی، ئارامی ڕژایە ڕۆحتەوە، ئیستا گەرم بوویەوە، سەرێک هەڵبڕە، گێژەڵۆکەکە کزی کردووە لە دونیادا، وە تیشکە تینێکی بەهێزی خۆری ئاگر ئاسا لە بەستەڵەکی ژیانتدا هەڵهاتوو، تک تک بەفرە گەورەکان خەریکە دەتوێنەوە، وە باوەشەکەشت لە سەرەتاوە دۆزیەوە، هەموو شتێک گۆڕا، دە چاودێ هەموو شتەکان باشبوون، ئەویش هەمووی بەهۆی ئیرادەی خوداییەوە.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

# غروور

وشەیەکی بێ بەها لە گەردووندا، وەلێ کە بووە بە پێگەی یەکەم لەژیانی هەر تاکێکدا، ئا ئەوەیە بووەتە هۆکاری جیایی لەیەکدی نیوەی مرۆڤایەتی، ئەوەیە کە ئێستاش دوو برا قسەکانیان بڕیوەتەوە لە پێناو نەشکاندنی غرووریان، ئێستاش چەندان گوفتی خۆشمدەوێی لەهەزاران دڵدا تۆزی گرتەوە و هەرگیز دەرنەبڕدراوە، بۆ؟

چوون غروور رێگەی نەدا، هەر تاکێک لەپێناو غرووردا، شتگەلێکی فەوتاندووە، وە دەیان کەسیشی سڕیوەتەوە، دیسان بەهۆی غروورەوە، لە کاتێکدا کە هەر تاکێکتان دەتانتوانی دەست پێشخەری بکەن لە فرێدانی غرورو، وەلێ نەکرا تا ئێستاش، تا چەندی تر، دەتهەوێت چەندان شتی تر و کەسی تر بکەی بە قوربانی غروور؟

دەست هەڵگرە، لە غروورت، ئەوە دەزانیت یانی چ؟

یانی دەست هەڵگرە لە تەنگ کردنەوەی ژیانت

چوون گەر بەرزی غروورت نەبوو، ئەوسا خۆش بەختیت دەبێ، خۆشەویستیت دەبێت، میهر و موحیببەتت دەبێت، ئاشتی و ئارامی لە ژیانتدا بەرپا دەبێت.

ئەوسا رۆحەکانیش لە دنیادا ئاسوودە دەبن و پەیڤی غرووریش لە ژیاندا بەهای نامێنێت.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

دەزانی چەندە گرنگە

ئافرەت خاوەنی ڕەوشت بەرز و ئاکاری جوان و ئەدەبی مرۆڤانە بێ، سەرەڕای ئەوەش زیرەک و لەبیر بێ

کە ئافرەت دایک بێ

گەر دایک خاوەنی ڕەوشتی بەرز بوو،کچە جوانەکەی وادەبێ

کە ئاکار جوان بوو،کورەکەشی ئاقڵانە لێی دەڕوانێ و بە تەعریفەوە لێی وەردەگرێت کە ئافرەت خودانی ئەدەبی مرۆڤانە بوو، هاوسەرەکەشی هەمان کارا دەبێ، چوون گەر ئافرەتێ زیرەک و لە بیر بێ دەشزانێ چۆن دەستی ئەوی تر بەتووندی ڕابکێشێت، ئەوسا ئافرەتێک بەسە بۆ ئەوەی دونیا ئاوەدان بێ. هەبوونی کۆمەڵگایەکی جوان و، شارێکی بەهێز و وڵاتێکی یەکگرتوو، دونیا و ژیانێکی پاکتر، هەمووی لە دەسەڵاتی دایک دایە!

پەروەردەی هەر تاکێک کە وجوودی هەیە لەو پەیڤە ڕۆشنانەی کە بەر دیدی جوانت کەوتن، پەروەردەی دەستی نموونەی دایکێکی پیرۆزە، بە هەبوونی دایکێکی پیرۆز، دونیاش پیرۆزتر دەبێ.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

## ئارام ئارام..... لە ژیان بڕوانە

هەزاران هەزارجار حەیف

بۆکەسێ کە رێچکەی جوانی کەسێکی تر دەگرێ

ژیانی کەسێکی تر بەشیاوی خۆی دەزانێ

کەسێکی تری کردووە بە ئاوێنە بۆ ژیانی

لە کاتێکدا، بۆ تەنها جارێکیش

سەیری ئاوێنەیەکی نەکردووە،کە تەنهاو تەنها ئەوەی دەیبینێ ئەوە بەڕاستی خۆیبێ.

بەمشێوەیەش بەردەوام بێ، هەرگیز جوانیە مانگ ئاساکەی نابینێ، وە درک بە جوانی ژیانی خۆی ناکا، ژیان پڕە لە کەسە دووبارەکان، وە لەکۆتاییشدا، هیچ ڕێگە چارەیەکی ترت نییە، جگە لەوەی کە ئیدی بریتی بی لە (خۆت).

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

کەسێ بە وشەیەک لێت نەگەیشت،

هەزاران دێڕ و تەعریفی پڕ مەعریفەتی بۆ بکەی،

ئیدی تێتناگات،

هەڵەش تۆ نیت، نا، وا مەڕوانە کەوا کەم دواوی بۆی یا وشەکانت تێگەیێن نین، هەڵە ڕۆیشتوو خۆیەتی، کە گوێچکەکانی تووند گرتووە لە ئاست قسەکانت، کە نەیزانی دێرت بێژی یا وشە، دەستبەرداری بە و، لێی گەرێ بۆ هەڵەکانی،کە ڕووخا ئەوسا تێدەگا، دوابەدوای ئەوەی کە قسەکانی منی نەویست، دەمهەوێ یەکجار برووخێت و بەربێتەوە، ئەوسا بۆ ساتێکی کەمییش بێ، دەستەکانی لە گوێچکەی بەردەبن، گوێچکەکانی بەڕەڵا دەبن، ئەوسا گوێبیستی دەنگدانەوەی پەیڤەکانم دەبن.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

**هەڵەیە مرۆڤ دەشێوێنێت**

دۆڕان نا، دۆڕان و کەوتن، جوانی و باشی و بەهێزی مرۆڤ دیاری ناکەن، هەڵە. هەڵەی نا ماقووڵە پێوەری مرۆڤ بە نارێک، دیاری دەکەن.

هەڵەیە تێکدەر و شێواندنی کەسایەتیی،فێربە. زۆری لەخۆت مەکە، سەرزەنشتی خۆت مەکە لەسەر دۆڕانت، دۆڕان واتای ڕووخان نادا، دۆڕان یانی جارێکی تر باشتر. دۆڕان کاریگەری نییە، ئەوە هیچ لە کەسایەتییت بچووک ناکا، ناتگۆڕێ، ناتگۆڕێ بۆ کەسێکی تر، ناوت نەبوو بە فلان خراپ، هەر ناوی جارانت هەیە، تۆ خراپ نابیت بەدۆڕان، تۆ خراپ نیت! وەلێ تەنیا ئاگاداری هەنگاوەکانت بە، زۆۆر بە وردی پێ لە هەر جێیەک دابنێ کە دەزانی خراپت ناکا، زۆۆر وشیار بە ڕێدا برۆ، ناونیشانەکانی سەر ڕێگاکەت جوان بخوێنەوە، بە قسەی کەسێ ڕێگەی نا درووست لە خۆڕا مەبڕە، ئا ئەوانە بکە تەنیا هێمن و ئارام بە، بەوشێوەیە جوان جوان بەردەوام بە، بێ گومان کەسایەتیت هێمن و جێگیرە، بێ خەمبە.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

**چەندە جوانە کەسێک لەمەر ئازار هەر سوپاسگوزار بێ**

**جوانە کەسێ لە ژیانا دایمە هێمن و ئارام بێ**

**کەسێ لەناو نارەحەتی ژیان، وەک شاخ وەستابێ**

**بەنرخە و دەشبێ ئەوەی لەبەر چاوبێ**

**ئازایە و هەردەمیش ئازا دەبێ.**

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

لەهەر کردارێکت دا، لەهەر ئەزموون و تاقیکردنەوەیەک دا
ئەنجام و دەرەنجامی هەر چەندێک بێ
هەرچۆنبێ، باشبێ یا خراپ بێ
سوپاسگوزاری دەبێ کردارت بێ
خۆ تۆ هەوڵی خۆتت دا
دەی جا بیسپێرە بۆ خودی (خودا).

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

## ئارام ئارام..... لە ژیان بڕوانە

کاتێک لە قیمەی توڕەیدابووی
لە جەنگی نەفسی بێویژدانت دابوویت
کە دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردنی ئەو نەفسە دژوارەت نەبوو
کە نەتتوانی دەستەکانت ڕاگری شتێ نەفەوتێنێ

ئەودەم برۆ خۆشەویسترین شتی خۆت، بەو پەڕی هێزەوە بە ڕقەوە بیشکێنە و لە ناوی ببە.

بەڵام هەرگیز دەستی خراپە بۆ بەندەیەک درێژ مەکە، هەرگیز دڵی بەندەیەک مەشکێنە.

چوون ئەوانەن خۆشەویسترینەکانی خودا بەندەکان
وە هۆی تووڕەیشی بەندە دڵشکاوەکان
تۆ هەقی تاوان بەرانبەر بە خۆتت بۆ دەکرێتەوە
وەلێ هەرگیزاو هەرگیز، تا ئەبەد، لە دونیادا
توانای ئەوەت نییە هەقی تاوان بەرانبەر خودا بدەیتەوە
هاوار بۆ تۆ
گەر دڵی بەنرخانی خودا ئازار بدەی
هەزاران هەزارجار هاوار و ناڵی پڕ پەشیمانی لە ڕووی تۆ.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

# دایکایەتیش خۆ پیشەیەکە

دایکان دایمە لە هەوڵی ئەوەدان کە باشترینی جەرگۆڵەکانیان بن، هەمیشە خوازیارن ببنە پێشەنگیەکی ڕاست و دروست بۆ پێشڕەوی ڕۆڵە خۆشەویستەکانیان.

هەمیشە زۆرکردن لەخۆ کردەوەیانە بۆ خۆشبەختی جگەرگۆشەکانیان، وە گەلجاریَ! خەم و ڕاڕایی و ترس، دڵیان دادەگریَ.

ڕاڕایی لەوەی، نەتوانیَ دایکێکی بەمانا بیَ

ترس لەوەی، دایکێکی باش نەبیَ، وەلیَ لێرەوە پێت دەڵێم دایکی بە توانا

خۆشبەخت بژی و هەرگیز ڕاڕایت نەبیَ

چوون دایکایەتیش خۆ پیشەیەکە

ئەویش ئەرکێکە، توانای پێویستە

مەترسە بە دوو جار دەربڕینی بێزاری بەڕوویانا، ناوی دایک بوونت نازڕیَ. بە چەند جارێک بیَ خەمی یا مەشغووڵی، تامی دایکایەتیت لە ناوناچیَ. بە دووجار هاوار کردن بەسەریانا، گومانیان لە دایکایەتییت دروست نابیَ. بە دووجار نائارامیی، مانای دایکایەتیت دەستبەردارت نابیَ.

ڕاڕایت نەبیَ لە دایکایەتیت، پێت دەبێژم خۆشبەختی، چوون دایکایەتیش خۆ پیشەیەکە، هیچ تاکێکیش هەموو ڕۆژیَ پیشەکەی خۆی خۆشناوێت، بێگومان ڕۆژیَ بێزارە لە نێوان ١٠ ڕۆژدا، بێگومان

گەلجارێ گلەیی هەیە، لە قورسی کارکردنیدا، وەلێ لەگەڵیدا دەژی و بێ خەمبە بێ ئەوە ناژی، لەگەڵیا ئاسوودەیە گەرچی ماندوو کەریشبێ، خۆشی دەوێ چوون خاوەنیەتی، سۆزی بۆی هەیە چوون بە مووحبەتەوە دەڕوا لەگەڵی، بۆیە ئارامبە و ترست نەبێ لە دایکایەتییت، سەرەڕای شتگەلێ تۆ هێشتا دایکیت، وەلێ تەنیا تۆزێ ماندووی، ئەوەی پێویستیشە لەسەرت ڕاهاتننتە لەسەر دایکایەتیت، بۆ ئەوەی دایکێکی باش بیت و لە مانا دەرنەچیت.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

## ئارام ئارام..... لە ژیان بڕوانە

کەشتی گەشتی تەمەنت لەسەرەتاوە بە پتەوی بنیات بنێ

لە ڕۆخی دەریای ژیان مەڕوانە

کە تەنیا تەنکە ئاوێکی هێمنی هەیە

تەنیا بە بینینی ڕۆخە تەنک و ناسکەکەی هەڵمەخەڵەتێ

تەنیا لەبەر ئەوەی کە ڕۆخێکی هێمنی هەیە، وا مەڕوانە کە دەریا بەڕووتدا هێمنە، وا مەڕوانە کە ئەو دەریایە بەو ڕۆخە تەنکەیەوە بێ زیانە بۆ کەشتیە کەم هێزە خۆ زاڵەکەت، چەند بەرەو ناوەڕۆک و ناو جەرگەی دەریای ژیان ڕێ بگرین، قوڵتر و نالەبارتر و دژ هەموارتر دەبێ، با کەشتی گەشتی تەمەنت پتەوبێ بە دینی خودا، چونکە تۆ نازانی، کەی باران دەبارێ، بێ ئاگای لەوەی کە کەی ڕەشەبا و زریانە، هەرگیز لەغافلی جوانی دەریاکە، لە کەشتیەکەت بێ ئاگا غافڵ مەبە، هەوڵبدە،کاپتنێکی باش بە، تا نازناوی دەریاوانت پێوەدێ، باوەڕ بکە دەریای ژیان، زۆر بێڕەحمە بەرانبەر کەشتی بێهێز، لەوانەیە سەفەرێکی دوورت لە دەریاکە لە پێش بێ، لەوانەیە زریانی دەریای ژیان زۆر سەخت و بە هێز بێ، دەی جا، تا زووە کەشتی گەشتی تەمەنت پتەو بکە بە دینی خودا، تا بەرگەی زریانە بە هێزەکەی دەریای ژیان بگرێ، ئەوەشت لە بیربێ، کەشتیەک بە یەقینی خوداییەوە هاتبێ، بە بەهێزی، بەناو تاریکایی شەوانی دەریادا گوەزری دەکا و، بە شەپۆڵە بەهێزەکانیشیدا ناکەوێ، لە بەرانبەر شاخە بەفرینەکانیشی دا، وەک شاخی بەردین دەوەستێ.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

ئارام ئارام..... لە ژیان بڕوانە

گەر جارێ هەڵەت کرد، مەیکە بە دوو جار

دوایی دەبێ بە گەلێ جار

پاشانیش تاکۆتا جار

چوون گوتراوە: خوی شیری، هەتا پیری.

دان بەخۆتا بگرەو زاڵبە بەسەر نەفسی هەڵخەڵەتاوی دەستی شەیتان

بوەستە لە تیاچوون، بگەڕێوە تۆ دەتوانیت

هێشتا هەل هەیە گەر نیازت بە ژیان ماوە

درێژەدان بە هەڵە تیاچوونێکی لەسەر خۆیە

تیاچوونی دەروون ناخ ڕووخسار کەسایەتی

بە گشتی تەواوی ژیان

دەی جا بۆ ناگەرێیەوە سنووری ئاسوودەیی

کە دەزانی لەودیوی سنووری

کە لەسەرەتاوە چاوت داخست و نەتکردەوە تا کەدیتت لەوبەری سنووری، دەی جا کە هێشتا کاتت ماوە بۆ ناگەرێیەوە، بۆ ژیان لە خۆت و دەوروبەر دەکەی بە زیانێکی پڕ ناڵە، بۆ خراپە بەرجەستە دەکەی، ئیدی پێویستە بێیوە هۆش، ببینی کە شتەکان لە سەریەوە هەڵەن، هەڵە هاتووی ئەزیزم،

چاودێ، چەندە خراپی، چەندە بێ هیوای، خەریکە نغرۆی تاریکی دەبی، هەوڵبدە بگەڕێوە، بگەڕێوە ئامێزی ئاسوودەیی، چوون ئێستا تۆ لە ناوجەرگەی بێ هێزیدای، وادەبینرێیت کە مەست و سەرلێشێواو دەڕۆی،

## ئارام ئارام..... لە ژیان بڕوانە

گەر دەتەوێ ئیدی درک بە ژیان بکەی، گەر حەز بە ژیانێکی ئارام دەکەیت، ئەوا من پێت دەڵێم، هێشتا کاتت ماوە بگەڕێوە باشدەبی، دەست هەڵگرە ئاسوودە دەبی، ئەوسا ئیدی ئارام دەبی.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

# پەیام، خوشکە جوانەکەم

گەر خەریکی گەورەترین هەڵەی دونیابی
گەر لەوپەڕی بێهیوایی و لە قووڵایی کێشەیەک دابی
هەڵدەستم بە ئەرکی وەفاو خوشکایەتیت
گەر تا ئەوسا خوشکی من مابی و نەمابی
گەر لە دڵت دا ناونیشانیشم نەمابێ
بەس بوونم لە دونیادا بەبەرەوە نابێ

گەر لە لێواری کەوتنێکی بە ئازار بی
گەر ئاگاداریم و بزانم چەندە شکانێکی قورس دەبێ
بڕوابکە، دەستم قەت لەدەستتا بەرنابێ
بڕیار نییە منیش لەگەڵتا خۆم هەڵدەم

وەلێ بەوپەڕی هێزەوە! لە غەیبووبەیشتەوە، بە یەقینی سەرکەوتنەوە بە هەموو توانای ژیانمەوە، بۆ لای خۆم ڕاتدەکێشمەوە، گەر ڕاکێشانەکە ئەوەندە توونديش بێ، کە بڕیاربێ ئازارت پێ بگەیەنێ، گەر بیشزانم ئازارت دەبێ هەمدیسان هەر ڕاتدەکێشم, وەلێ خۆ لە دواییدا هەر دەستت لەدەستما دێینەوە ئاسوودەیی، هەر چۆنێک بێ ئازارێکی کاتی ئاشکرایە کە نایابە، لە لەناوچوون و ئازارێکی نەبڕاوەی هەمیشەیی، خۆشم دەوێی هاوڕێی ئازیزم.

پەیام خوشکە جوانەکەم

دیاری خودایی من.

من و تۆ، دەس لەدەست، ئەمڕۆ و سبەی، تاکۆتایی.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

گەر هەڵبژاردەی نێوان دوو شتت درایە دەستی، وە زۆریت لێکرا کە یەکیان هەڵبژاردەت بێ، وە هەڵبژاردەکانت لە نێوان: باشترین کەست یان باشترین هەرشتێ غەیری کەس، ئەودەم تۆ باشترین کەست هەڵبژێرە، چوون پشتیوانی باشترین کەسە دەتگەیەنێ بە باشترین شتەکانت، بۆیە کەسەکان مەکە بە قوربانی شتەکان، وە ئەوەشت لە بیر بمێنێ و لە هزرتا بیهێڵەوە،کە: هەموو کاتێ شتە لەدەسچووەکان قەرەبووی هەیە، وەلێ کەسەکان یەکجارن و هەرگیز دووبارەیان نییە.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

نارەزایت نەبێ لەوانەی کە بەسەرتا دێن، لەوانەی دەبنە بەربەستی ڕێگای ویستەکانت، لە ئازارەکانت، لە شەکەتیەکانت، چوون بێگومان هەموو ڕۆژێ دووبارەیی نین، خەم لەوانە مەخۆ کە ئیدی تێپەڕیون، نالێم لە بیریان کە، وە ناشڵێم فڕێیان بدە، تەنیا لە سەندووقێکا لە سوچەیەکی دڵا دایان بنێ بە قوفڵ کراوی، وە قوفڵەکەش لە مێشکتا هەڵیبگرە، مەترسە، ئەوانە چیدی زیانیان نییە بۆتۆ، وەلێ سەیرکەو ببینە، ببینە کە ڕۆژێک دادێ سەر و دڵ خۆشانە، بە پەرۆشی و ئاسوودەیی وە، بەدوای کلیلە هەڵگیراوەکە دا دەگەڕێی، وە هەڵدەستی بە کردنەوەی ئەو سندوقەی،کە ناوی سندووقی سەختیەکان بوو، کە کردتەوە، چاودێ، ئیدی ئاوان بوونە بە یەک پارچە ڕۆشنایی، وە تۆش بەسوودی دەبەی بۆ، ڕێگای تاریکی بێ چرا، دای دەڕژێنی بەسەر ڕێگاکە، ئەوسا وەک دیاریکراوەیەکی هەنگاوی وایە، هەکاو هەنگاو لەدوای برۆ، دەبینی گەیشتی بە ئامانجەکەت و کۆتایی ڕێگاکەت، یارمەتی دەریشت هەر ئەو بەربەستانەبوون کە لە پێشتردا پێوەی گرفتار بووبووی، چاودێ، ببینە کە سەختیەکان فێریان کردی چۆن سەرکەوی،کلیلی سەرکەوتنت، هەمان کلیلی سندووقی یادگارییە بە ژانەکانت بوون.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

# متمانە بە خۆ بوون

هەنگاو و کردارێکی زۆر گرنگە و کاریگەرە، بۆ نزیک بوونەوە و گەیشتن بە ویست و ئامانجت لە ژیان، وە متمانە بەخۆبوون، بنەمای سەرەکیە بۆ دروستکردنی کەسایەتییەکی بەهێز، کە خولیاو ئاواتی هەموو ئینسانێک، ئینسان گەر لەمانا دەرنەچێ

وە تەحەددایە، بۆ ئەوانەی کە گوفتیان لە بەرانبەرتا ناتوانیت بوو

بێگومان دوای گەیشتنت بە ئامانج، ئەمە دەستەبەر دەبێ

وە ئەوسا بێ ئەوەی هەستت کردبێ، سەرچاوەی هیوا و پێشڕەوی دەستەیەکی توانا بەرز بوویت، متمانەبەخۆبوون، شانازی کردنە بە کردارەکانت، بە وشەکانت، بە خوودی خۆت

دەی جا کرداری وایی بکە کە ڕووی ئەوەت هەبێ شانازی بەخۆتەوە بکەی، تا متمانە بەخۆتەوە بکەی، بۆ ئەوەی کەسایەتییە بەهێزەکەت دروست بکەی.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

## ئارام ئارام..... لە ژیان بڕوانە

کاتێک کە

لێوەکانم لەبەرانبەر کەسایەتیت

بێ دەنگ لەسەر یەکەوە مانەوە

ئەوە بزانە کە.....

بە هەزاران وشەی پڕ لە ئاهی قەتییس کراو

لە گەرووما،کە دڵم بە پاڵ پێوە نانەوە، ڕەوانەی کردوون

خەریکی پەنگ خواردنەوەن..........

وەلێ بەڵێن بێ بەتووندی بیانگرم شێوایەکەی ناخم

تەنیا لە مەڕ خاتری

هێشتنەوەی هێمنی و ئارامی روو و ڕەخسارم.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

# ئارامبگرە

ژیان قورس نییە، تەنیا پێویستە لەسەرت ئارامگربی
ژیان کردن بێ زەحمەتی ژیانکردنێکی بە زایە چووە
ژیانێکی پڕ خۆشی دنیاییم بۆ چییە کە لەپڕێ بێ ئەوەی هیچم
فێرکا، رووی خۆی بەڕووما زوەڕگێڕێ
ئیدی بێڕەحمی دەنوێنێ
ئەو زاڵمەو، منیش بندەستی زووڵمی ئەو
بەخۆشی خۆی هەڵمخەڵەتێنێ
دونیام لێبکا بە بەهەشتێ لە ڕووی زەمیینێ
لە دواییش لق لق بشکێنی هێزی ژیانی منی بێ یەقینێ
ئەوسا دونیا لێم ڕەشدەبێ و،

ئیدی کە کەوەک چۆن لە بنیادەوە فێرنەکرابووم، هەم دیسان فێرنابم، وەلێ ئەوجار لەڕق فێرنابم، ڕقی بێڕەحمی دونیایی

ئەوسا بیرم وای لێدێ ببێژی
دونیا خافلاندمی وەلێ چاکیش کەواندمی...

وەلێ ئەی بەنی ئادەم گەر لە بونیاتەوە بە دونیا ڕاهاتبای، ناخۆشیت دیت و هەم دیسان هەستای، لە دڵخۆشیدا زاتی دروستکەرت لە یادابێ و لە تەنگی و خراوەییدا بە سوپاسگوزاریە وە هەم دیسان یادی

بکەی، ئەوسایە دەبێ داوای خۆشبەختیت بکەی، هەقتە خۆشبەخت بی، وەلێ تەنیا ئارام گربە..

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

## ئارام ئارام..... لە ژیان بڕوانە

ڕەق مەبە پۆڵا ئاسا
کە زیانبی و جێگای قین بی
وە نەرمیش مەبە خاک و خۆڵ ئاسا
هەر چ کەسێ ویستی بچێتە ڕووتا و ئازارگەی ڕۆحت بی
وەک دارێ بە! هەزار ساڵە تەمەندار بی
هەم بە هێز و هەمیش هیوادەر و سوودبەخش بی!
کە لە هاویندا ئارامگەی کاروانانە و،
لە بەهاردا جێی سەیران و جۆللانانە
لە پایزدا ڕازاوەیە

لە زستانان بە لقە ڕووتاوەکانیشەوە، بە بەفری کەوتووی سەر پەلاکانیەوە، دڵ بەر و دڵ ڕفێن، جوان جوان لێت دەڕوانی، وەلێ هەر چ ماندوو و خەفەتدارە قەت بە شکاو لێی ناڕووانی،خۆی ڕێنادا بە خراپە لێی بڕوانی.

وەک داربە، لە چوار وەرزی ساڵ هەر دڵ خۆشبە

بەهێزبە، خۆشەویست بە
وەک داربە، هەرچەند گەورەتربی بەهێزتربە
وەک داربە بەرگەی بەفر و باران بگرەو
خۆڕاگربە بە ڕووی ڕەشەبا و زریاندا
بەهێز و گەورە بمێنەوە لە چاوی خەڵکا
ماندوێتییت بشارەوە لە ناخی دڵتا

## ئارام ئارام..... لە ژیان بڕوانە

**جوانی خۆت دەرخە وەک گەڵاکانی**

**ببە بە سێبەر بۆ گشت عالەمی**

**ئارام ئارام بە**

**ناخ ئاسوودەبە**

**هەر خۆشبەخت بە.**

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

# هۆ کیژۆڵە

تۆ جوانترین مەخلوقی دونیایت

تایبەتترین و پڕ میهرترین شتەکانی دونیا لە باوەشی تۆدان

تۆ پاکترین پێستت هەیە

دولبەرترین قژ و

دووچاوی مەست و

ڕوویەکی گەشاوەی دڵبەرانە......هتد

تۆ جوانیەکی کەم وێنەت هەیە

بەڵێ

کیژۆڵە ئەمانە تۆ خاوەنیەتی

تۆ تامی دایک بوون دەچێژی

هەستی دایکایەتی تایبەت کراوە بۆ تۆی کیژۆڵە

چ هەستێک! وایی لەو هەستە پڕ ئەزموون و چێژبەخش و ئارامبەخشە

دەزانی چەندە تایبەتە دایک بوونت

بە خەندەیەک لە لایەن حەبیبی ڕاستیت، دونیات لە یاد دەچێ، خەمەکانیشت قل قلە بەدوای یەکا لەگەڵ خەندەی مەستیەوە، هەڵدەوەرێن، کیژۆڵە تۆ دەوڵەمەندییت، خۆشبەختی لە باوەشتتە کە دایک بیت، کیژی نازدار، هەندێک جاریش خۆشترین ژیان و کەمتریین ماندووبوون، چوون تۆ خۆشبەختی و خۆشنوودی بابەیت، بەڵێ... وە

قووتابی سەرکەوتووی ژیانتی، چوون لەژێر سایەی دایەی مامۆساتەوە قوتابیت.

هۆ کیژۆڵە، ئەمانە هەمووی هی تۆن بۆ تۆن
وەلێ لەبیری نەکەی، ئەمانە هەمووی نیعمەتی خودان
وەلێ ئەزیزم
وەک گشت شتێ، ئەمانەش نیعمەتێکی سەر زەوین
وە هەموو شتێکی سەر زەویش، لەبیرت بێ کاتین

هۆ کیژۆڵە، بۆیە...
بیپارێزە! چونکە دیاریەکی خودابیە
وە فەرزیشی مەکە، چوون نیعمەتێکی دونیایە.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

## ئارام ئارام..... لە ژیان بڕوانە

کە دەزانی کەسێ لە هەڵەیەکی ئالاوە

لە بێ هیوایی و لێواری کەوتنێکی زەحمەت و ڕوخان دایە

ژیانی لەمەڕ ئەو کێشە قورسە، زۆر نا هەموار بووە

بە دوای ئارامی دا ویڵە و هەر تۆی شک بردوە

ئێ دەی وا دەیهەوێ لە باوەشی تۆدا ئارام خەوی لێکەوێ

پێویستی پێتە

دەی بۆ ڕەجمی دەکەی، بۆ بێ هیواتر و ڕوخاتری دەکەی

بۆ بە وشە ڕوخێنەرەکانت، زیاتر تووشی تیاچوون و ڕۆ چوونی دەکەی

ڕقت لێی نەبێ و سەرزەنشتی مەکە،

نەرمی بنوێنە و هیوا لە دڵیدا بچێنە

فێری یەقینی بکە،

بۆی بسەلمێنە کە دڵسۆزیت بەرانبەری و تەنهای ناکەی

خۆشبەختی بخەرەوە باوەشی بە کردەوەی ئارەمبەخشینەوە،

هات بۆلات، میوانی خودایە

دیارە خودا تۆی پێشان داوە بۆیە شکی بەتۆی دڵدەریەوە کردوە

دەسا تۆش دەستی بگرە و بێ هیوای مەکە

سەرەتا ئەوەی پێ ببەخشە کە دەیهەوێت،

پڕی بکە لە خۆشەویستی و گرینگی پێدان

چونکە هۆکاری گەورە و پاڵنەری هەڵەی مرۆڤەکان،

داخی بێ کەسی و ئیهمال کردنە

دەی تۆش خۆشەویستی و گرینگی دانی وەک گوڵ بپرژێنە بەسەروو ڕوویدا

ئەوسا دەست بۆ کێشەکەی ببەو، درێخی مەکە لە چارەکردنی،

پاشانیش ببە بە ئارامگەی و خۆشبەختی بۆی

ئەوسا لەبیری ببەوە کە چی هاتە ڕێ،

ئەوسا بە زەمیر و ویژدانەوە سەرخە سەرسەرین و،

بە ئارامی خەو بتباتەوە.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

ژیان..

سەختیەکانی بۆت کەمدەکاتەوە

ئەگەر فێربی، بە مێشک بڕیار بدەی

چیدی نەفس و دڵت هانت نەدەن

با نەبنە خاوەن بڕیار و بڕیارت بۆ نەدەن

بڕیاردان بە دڵ، وە بڕیاردان بە مێشک

دوو ڕێگە و هەڵوێستی ئێجگار زۆر جیاوازن

وەک ئەوە وایە کە...

کاتێک، لەسەر شاخێک وەستاویت

دڵت پێت دەڵێت، خۆت هەڵدە دەفڕیت، تۆ دەتوانیت بفریت، بفڕە

وەلێ مێشکیش کە دێتە گوفتێ، دەڵێت نەکەی خۆت هەڵدەیت،

خۆت هەڵمەدە دەمریت

مەگەر خوازیارتە بمریت؟

دەی کامانە لە مەوقفی مان و مردنا ڕاستیان کرد.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

## ئارام ئارام..... لە ژیان بڕوانە

وای دەبێ چەندە لە دڵا شیرین بن کەسانێک

کەسانێکی دڵ ماندوو، وەلێ هیوا بەخش و سۆزدەر،

که خۆی پێویستی بە هیوای تۆبێ وەلێ درێخی ناکا لە بەخشینی هیوا بەتۆ

که خۆی زوبانی قەتیسکراوی پڕ گوفت بێ وەلێ تەنها لە خەندەی زێدەتری پێ نەکرێ

نەوەک ئازاری دڵی تۆیشی پێ ببڕێ،

کەسێ کە لەمەڕ ئازاردا، وا فرمێسک لە چاوی دێ، بە قاقەیەک بزری دەکاو، پێت دەبێژێ بە حساب تۆزێکە کەوتۆتە ناوێندی چاوێ

گوێت بۆ دەگرێ، گەرچی خۆشی ویستی دڵی گوێگرێک بێ، دەڵێ ئارام بە گەرچی دڵی خۆشی پڕ ئاهـ و ناڵە بێ

پێت دەبێژێ تێدەپەڕێ هەتا خۆیشی باوەڕی بەو گوفتە ڕاستە بێنێ، ئەوە بۆت دەدوێ بۆ چاکسازی لە دڵتدا وەلێ قەت ناخی پڕ غەمی خۆیت بۆ دەرنابڕێ، چوون دەترسێ بێزارت بکات و ڕاڕایە لەوەی گوێت بۆی گرتبێ.

خۆشی دەوێی گەرچی خۆی ئومێدێکی بە خۆشەویستیەوە نەمابێ، گرنگی بۆی گەرچی خۆی لە قیمەی ئیهمالکردنی دەستی نزیکانی بێ، لە دێری دوعا بزر و شاراوەکانی بەردەم خەڵکی دایت،کە بۆی هەیە ئەودەم هەرلە بیرتا شوێنێک بە ناویەوە نەبێ، وەلێ ئەو

فێربووە خۆشی بویێ بێ ئەوەی تۆ بەلاتەوە گرنگ بێ، هەتا ئەگەر تۆیش خۆشت بوێ هەم دیسان هەمان هەڵوێستی هەبێ، ئەوەدەم ئەو جوانترینی سەرزەمینی دەبێ، بۆی هەیە ئەوە دایکت بێ دەزانی؟

وەلێ ڕەنگیشە کەسێ تربێ

گرنگ ئەوەیان نییە

وەلێ گەر تا کەسێ هەبێ بۆت هاوشێوەی ئەوە لە دونیا و ژینێت، بەردەوام بە لە شانازی بە دڵیەوە و، تا هەتایە ڕێزی بگرە، قەدری گەورەیی بزانە و بیبینە، خۆشت بوێ، خۆشت بوێ ئەگەر چی داواشی لێ نەکردبی، وەلێ ماندوە و ئەوەیە گشت پێویستی، ئەگەر چی ئەوە خۆشتبی، ئەوە تۆبی، کەسی دڵ ماندووی ڕووگەشاوە، تۆبی کەسی خاوەن میهری نەبڕاوە

وەلێ تەنیا و کزی لە قەرەباڵغی دونیا،

مەترسە ئەی پڕاو پڕ لە جوانی

دڵت پڕکە لە ئومێد، گەرچی بەهۆی درز و شکانیشا هەر گوڵبارانە و پڕە لە گوڵی نەرمی سەودای میهرەبانی

خۆشبەختی و هەر خۆشبەخت بە، چوون خودا ئەو کەسەی تۆیە وەک ئەو کەسە بەهەڵوێستەی کەتۆ بووی بەکەسی خاوەن ڕۆحێ، کە خوداش خۆشەویستت بوو گوناهە هەست بە بێ خۆشی بکەی، ئەوە خاوەن و هەم مەرهەمی برینی جەستە و گیانت، ئەوە خاوەنی بڕیارە خۆش و ناخۆشەکانت، ئەوە دەرهێنەر و هەمیش بینەری شانۆی ژیانی پڕ ئاهت، وەلێ دڵخۆشیشی کردوە بە بەشت کە خۆی بووە بە خۆشەویستی

ژیانت، خۆشبەخت بە و خۆشی چاوەڕێتە، چوون بە بوونی باوەڕ بە ئەو دونیات ڕۆشنە و بەهەشت چاوەڕێتە....

بۆیە ئەزیزم، گەر کەسێ لێت بپرسێ دڵت خۆشە؟
تۆیش بە خەندەی جوانتەوە بە تیلەی چاو لێی بڕوانەو
بە خۆشنوودی جوابی دڵتی پێ بدەوە
بفەرموو: کە خوودا لە دڵم داهەیە، هیچ هۆکارێک پاڵنەر نییە کە ناخۆش بێ، پێی بێژە دڵێک کە یادی خودای تێدا بسرەوێ هەردەم باشترین و جوانترینەکان خاوەنیان دەبێ.
شادی لە دڵایە لە دڵی پڕ لە موحیببەتی خودایی دایە.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

مرۆڤ... لە کاتی هەڵچوونێکی تۆقێنەر و تووڕەبوونێکی ناخوازیاری، شت گەلێک دەفەوتێنێ، وە زۆرێکیش کەم دەکات، وە کۆمەڵ گەلێکیش لەدەست دەدا، نموونەی زۆر ڕاشکاو و دیاری بەر دیدان:

- گشت جوانی ڕوخساری دەفەوتێن.
- وە نیوەی ناونیشانی مرۆڤایەتیشی لێی کەم دەکات، وەک ئەوەی کانیاوێک وشک بکات.
- وە کەس گەل و خۆشەویستان و مەحبووبانیەوە بەهۆی ئاکاری نادروستیەوە بەهۆی زویریەوە لەدەست دەدات.

ئەوە حەقیقەتێکی دونیاییە کە نیازی خراپە، بە کۆمەڵێک داخەوە، کاتی ئەوە هاتووە، بەڵکو کات تێشپەڕیوە کە جیهان دەست لە تووڕەیی هەڵگرێ، بۆ ئەوەی ژیان ئارام بێ، تا دڵەکان بێ شەکەتی و ماندوێتی ئاسوودەبن.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

# ترس

وشەیەکی کاریگەر بەسەر مرۆڤایەتی، وە کردارێکی بێ هودەی ڕوخێنەر

وشەیەک کە مانایەکی قووڵی هەیە، وە کرداریشی قووڵتر، ترس

ئەگەر بێت و بەراوردێکی بچووکی عالەمی بکەین بە کورتی، دەبینین کە ٧ ملیار کەس لە زەوی خەریکی ژیانکردنن، لە سەدا ٣٠ی ئەو ژمارەیە، با بڵێن کە توانی بگات بە ئامانجی بەکردەوەوە، وە لەسەدا ٢٠یشی لە بواری جێبەجێ کردن دان لە بە کردەوە کردنی ئامانج، وەلێ لەسەدا ٥٠ی ئەو ژمارە گشتیە وەستاوە، هانگاوی بۆ پێشەوە نییە مەگەر بۆ دواوەی هەبێ! بەهۆی چی؟ ترس

ترس لە یەک جێگەیا جێگیری کردوون خەریکە تێکی دەدا

ترس لەوەی ناتوانێ بگات بەوەی کە هەوڵی بۆ دەدا، ترس لەوەی کە نەوەک هەڵەیەک لە هەوڵەکەی دا بکا، ترس لەوەی ڕێگای دژواری لە پێش بێ، ترس لە دۆڕان، ترس لەهەر شتێ کە دەیگەیەنێ بە ئامانج، تەنانەت ترس لە نەتوانینی هەوڵدان

خەریکە بگا بە ترس و فۆبیا لە ژیان!

ترس هەموو جەستەو دڵی داگرتووە

ئیدی ئەوەندەی خۆی بە ترسەکانەوە سەرقاڵکردووە، بیرۆکە و ئامانجە سەرەکیەکەی لەبیردا لەدەست داوە، ئیدی ژیانی خۆی بە ترس ناساندووە، ڕێگەی بۆ ترس والآ کرد بۆ دەستگرتن بەسەر بوونیدا، با بێین ئەوانە وریابکەینەوە بە چەند گوفتێک، بێگومان گەر ترسی گوێگرتنی نەبێت.

پێتان دەڵێین هەنگاو هیچ ترسی ناوێ کەوتنیش ترسی مردنی مەگەر لەدوایە ترسی بوێ؟

سەرەتای هەر منداڵێک خۆ ڕاکردنی یەکسەری نەبووە، بێگومان لە یەک هەنگاو دەستی پێکردووە، وە بێگومان دەیان کەوتنیشی هەبووە تەنانەت جەریش هەبووە قاچیشی زامدار بووە، وەلێ ئەو منداڵە ئامانجەکەی لەبەرچاو گەورەتر بووە وە کۆڵی نەداوە دیسان تاقی کردۆتەوە، وە لە کۆتاییدا توانی بە قاچەکانی بەرەو باوەشی دایە و بابە هەنگاو بنێت، وەلێ گەر ترسی هەبا نەیدەتوانی هەنگاو بنێ، ئەو هەستا بە لادانی ترسەکەی بۆ ئەوەی یەکەم سەرکەوتنی لە ژیانا بەدەست بێنێ، بۆ ئەوەی بگات بەو ڕۆژەی کەدەیهەوێ، وە بەرەو ئامانجی گەورەتر و گەورەتر هەنگاو بنێ، کەچی تۆیش خەریکی بە ترسەکەت ئەو منداڵە، کە ئێستا گەورەبووە بیوەستێنییت، وەلێ گەر بوەستیت ئیدی ئەو دەگات بەوەی دەیهەوێ! وەک یەکەم بە پێ ڕۆشتنی منداڵی، بە لادانی ترس...

گەر ترس لە هزرت دەربکەی ئیدی ڕاستەوخۆ هەنگاو دەنێییت دەڕۆیت بەرەو لوتکە، وە بێگومان دەکەویت چوون ڕێگاکانت تیژن و سەختن، گرنگ کۆڵنەدەیت، بڕۆ بەرەو لوتکەکە و ترسەکەت ئیهمال بکە وەک چۆن مامۆستایت لە ئیهمال کردنی مرۆڤەکان، ئیدی کە گەیشتیت بە ئامانج، ئەوسا بۆت دەردەکەوێت کە چەندە کاتت کوشت بە شتێکی ڕوخێنەری بێمانا، ترس بێ مانایە چوونکە وا بیر دەکەیتەوە کە ناتوانی بگەیت بەوانەی کە هاو ئامانجت بوون وتیایدا سەرکەتوو بوون، ئەی مەگەر ئەوان بە پەڕەشووت گەیشتنە سەرلوتکەکە، بێگومان ئەوانیش لە یەک هەنگاوی سەرەتایی و سەرەکی دەستیان پێکردووە وە گەر چاودێی ئەوانەی لە لوتکەن دڵ خۆشن ئەمەش مانای ئەوەیە هەوڵەکانیان سەرکەوتوو بووە و چێژیشیان لە سەختیەکاندا بینی وە چوون تا دەگەی بە لوتکەی چیا چەندین دیمەنی جوان دەبینی، دەی کەواتە تەنها ترست فڕێبدە بە دڵ خۆشیەوە هەنگاوی سەرەتا و تاکۆتاییش بنێ، تا چێژ لە ئامانجەکەت ببینی، وە بزانە هیچ شتێکی خۆش لە دونیادا بێ زەحمەتی ناگا بە تۆ، کەس نایداتە دەستی تۆ، دەبێ هەوڵی بۆ بدەی و ڕەنجی بۆ بدەی تا بگات بەدەستی تۆ، ترست فڕێدە، لەوانەیە ئامانجەکەت لەوە گرنگتر بێ کە بەخەیاڵتدا دێ و مەزەندەت کردووە لە هزرتا، ژیان پێویستی پێتە، ئێمە پێویستمان پێتە، ترست بشکێنە بگە بە لوتکە و هەموان دڵخۆشکە و بە ئامانجەکەت ژیان ئاسانتر بکە و دەرگایەکی تری خۆشبەختی بە ڕووی خۆت و کۆمەڵدا بکەوە و والای بکە، تاهەتایەش ترس لە ژورێکدا قەتیس بکە و دەرگای بەڕوودا تا هەتا

**قەپات بکە، ترس بەشێک نییە لە سەرکەوتن، وەلێ گەر هەتە تەنیا تەرکی بکە، سەرکەوتووبیت ئەزیزم.**

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

# ژیان بە تەباییەوە جوانە

لەوانەیە گەل جارێ ئەو پەیڤانەت بەر دیدە کەوتبێ، وە دەیان جاریش بەر گوێتا کەوتبێ، وەلێ هیچ کات بە بیری ئەوەوە ماوی؟ هیچ هەبووە بچیە ناوەڕۆکی بابەتەکە و بتهەوێ بەتەواوی لێی حاڵی ببی، پێویستە وات کردبێ، گەر چی نەشتکردووە.

**ژیان بە تەباییەوە جوانە**

یانی: گەرچی هاوسێکەت غەیری دینی تۆیە، وەلێ نەرمی بنوێنی و ئەرکی هاوسێیەتیت بەجێ بگەیەنی.

یانی: ئەگەر چی هاوڕێکەت لە خانەوادەیەکی ئاسایی و کەم پارەیە، وەلێ بە کەم لێی نەڕوانی و لە قسە خۆشەکانتانا بێ بەشی نەکەی.

یانی: ئەگەر بێتوو تەنانەت ڕەش پێستێکت بینیی، بە چاوی کەمێتی مرۆڤ بوونیشیەوە سەیری نەکەیت.

یانی: ئەگەر هاتوو تاکێکی ژیانی موحتاج بە وڵاتی تۆ بوو کە مافی خۆیەتی لە کوێی ژیان بۆی ئاسانی بنوێنێ بژی، بە غەرییب و چەوساوەی لێی نەڕوانی.

یانی: سوکایەتی بە زمانی کەس نەکەیت.

یانی: گەر کەسێکی کەمئەندامت بەر چاوان کەوت، بە جۆرێ لێی مەنۆڕە، هەست بە کەموکورتی خۆی بکا، بەڵکو بە چەند گوفتێک لەگەڵیا دڵخۆشتر و پڕ هیواتری بکە.

ئەگەر بە لای پیر و بەتەمەندا ڕۆشتویێکدا تێپەڕی، وەستانێک بکە و بە سەلامێک گەورەیی و ڕێز بنوێنە و بە گوفتی خۆش و ڕوناکەوە لە گەڵی بدوێ و هیوای باشی بۆ بخوازە، ئەدەمە و دواتر بکەوە ڕێی خۆت و ئیشی خت بکە.

یانی: منداڵێک خەندەیەکی بۆ کردی، پەپوولە ئاسا لێی بڕوانی هەست بە پاکی و سادەیی بکەی و، قەیچیەکا بە دیداری منداڵیشتەوە دوو بوکەڵەی لەکەلیا هەڵبگرە و تۆزێکیش کایەی لەگەڵ بکە! ئەوانە و زیاترییش لە هێز و تواناو کەسایەتی و جورئەتت کەم ناکا بەڵکو زیاتر و باشتری دەکا.

تەبایی یانی دڵسۆز بوون لەگەڵ دایکا، ڕێز لەگەڵ باوکت، خۆش ویستن لەگەڵ خوشکۆڵەکەت، وە یارمەتیش بەرەو براکەت. دڵسۆزی و ڕێز و خۆشویستن و یارمەتیش، لەگەڵ هاوسەری جوان و پڕاوپڕ لە موحیببەتدا.

**ژیان بە تەبابییەوە جوانە!**

یانی... ئەگەر چی چینوتوێژی جیاواز لە گەڵتدا بژی، گرنگ تۆ بە جیا لێی نەڕوانی.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

چەندە لە چاوان خراپن و لە دڵا گرانن، کەسانێک کە ژیان بە یەکەی گەورەیی کەسانێک و بچووکی کەسانێک دەڕوانن، لە ژیاندا خۆیان بە پێگەی یەکەم دادەنێن، گەرچی واش نیین، ئەوانەی بە قسە ڕەق و ناخۆشەکانیان دڵی هەزاران مرۆڤ تەنگ دەکەن، بێ دەستپێشخەری و داوای لێبوردەیی،گەرچی هەڵەن، ئەوانەی لەدەست نەخۆشی و نائاسوودەیی گیان و دەروونیان زیاتر پەلاماری دەوروبەر دەدەن و سەبەبی بێ سەروبەر دەدۆزنەوە لە پاڵیدا، وەلێ ئەوان تەنیا نەخۆشن، وە دەشنالێنن بە دەستیا، نەخۆشی هەستی خۆ بە گەورە زانی،ئەگەرچی خۆیشیان نغرۆی تاریکی و خۆبەکەم زانینن کە هۆکارە و پاڵنەرێکی باشیشە بۆ درووست بوونی کەسایەتیەکی ناخ ڕووخاوی خۆ زاڵکەری خۆ گەورەزان، چوون خۆی دەناسێ و ڕقی لە خۆیەتی و هۆکاری تەنیاییشی هەر خۆیەتی، وەلێ تا بە زاڵبوونی خۆی بەسەر کەسانی دەوروبەرا بەردەوامی هەمان کار بێ، هەر بێکەس و تەنیا و نائارام دەبێ، خۆت بە زیاتر مەزانە و گوفتی من زیاترم مەنوێنە، بەوە بچووک دەبی، ئەوەی گەورەیت دەداتە چاو ئەوەنییە بەڵکوو خۆ بە یەکسان زانین و گوفتی بچووکی_ئێوەم_گەورەکەرە و دروستکردنی فرە ڕێزیە، ئارام بە ئەزیزم، هەمووان لە گڵەوە دروست بووین کە خودا هەڵی بژارد تا لە ڕۆحی خۆی پێببەخشێ، هەمووان یەکسانین لەلای زاتی حاکمی گەورەی گەردوونی، مەگەر بە تەقوا مەزنتر و بەرز پلەتر ببی، دەی کەوایە ببینەوە ڕێز بنوێنە، خۆشەویست بە لە دڵان بە کردەوەی جوان،

خوداش له خۆت ڕازی بکه به یەقین و تەقوا بۆ ئەو، باوەڕ به گەورەیی ئەوبکە.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

# دانا و نادان

چەندە جییاوازن لە یەکدیەوە لەژیاندا، دوو کەس، یەکێ دانا و یەکی نادان. نادانە هەڵە تێگەشتووی دونیایی، بێ مەعریفی بێ بیری لە ژیان ڕوان، بێ بیرانە بڕیاردەری ڕواڵەت، نادان، غافڵی دونیایی بێ بەها و کاتکوژێکی بەتوانا، هەڵە ڕۆشتوی کوێری ڕێگای ڕاست نەدیو.

چی بووە ئەزیزم، لە سەردەمێکدا، کە هەر هەنگاوێک، هەر کات و ساتێک، لەگەڵ دینگە دینگی هەر چرکەیەیەکی دەمژمێرێ، توانات هەیە زانیاری کۆکەیتەوە و دەربارەی عیلمێکی سوودخواز بزانی، شتگەلی نوێ فێرببی کە دەرتخات لە تەنگەبەرەی ژیان، کە هەر کەسێ ئەوانە ئەنجام دەدات دانای پێ دەوترێت.

تۆی نادانیش بێ بیرتر بەدەست ژیان دەناڵێنی ئەسڵەن لە بیری ئەوەدانی خۆت ڕزگار بکەی، لەمەڕ چی ئەزیزم،کاتت بە هیچەوە بەفیرۆ دەدەیت، ئەم هەموو ساتە بەنرخە چیت دەکرد، چیت دەکرد، چی باشت دەگوفت، چ کردارێ گرنگت بە بەڕداکرد؟

**هیچ**

بەردەوام بە، هەر هیچ دەبیت، جگە لە نادانێ هیچیتر نیت، پەلەکە و بەڕێکەوە بەرەو کانیاوی عیلم و زانیاری، بە ڕاکردنەوە بەرەو دانایی ڕاکە، ژیانت خۆشبوێ و بەبیری جوانەوە خۆشتری بکە..

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

## لێبوودەبە، گەرچی لێبووردەیش سنووردارە!

لێبوردەبە بەرانبەر هەڵە کردوان، هەرچی بێ هەڵەی ژین تاریک کردن و ڕوخێنەری کەسی لێدەرچێ، ئەوەی تری ببەخشە، گەورەیی بنوێنە و لێیان خۆشبە، بۆ ئەوەنا خەمی ئەوانت لە دڵا بێ، بۆ ئەوەش نا کە هەلی تریان بدەیتێ، نا بۆ تێکەڵ بوونەوە و هاتنەوەی دووبارەکی ژیانت، بۆ ئارام ژیانی ئەوان نا، تەنها لەبەر خودی خۆت، چوون گەر وا نەکەی، ئیدی بێ متمانەیی دەست بەسەر مێشکت دەگرێ و، ترس بە دڵت بۆ ڕۆحت دەڕژێ و ناکۆکی بۆ ڕۆحت دەنوێنی، دەبیتە هۆی ڕووخاندنی خود کەسی خۆت، بێ هێز و ڕق ل ەدڵ و نائارامی دروست دەبێ لە کەسایەتییتدا، دەی خۆ خراپی خۆتت گەرەک نییە، وایە؟

دەی جا وایە، گەورەیی بنوێنە، بەزەیی بڕژێنە بە ڕووی خۆتاو، لێبووردەیی بدە ڕووی هەڵە خوازان، تا ئاسوودەیی گیان لە ژیانتا بگرێتەوە، خونچەکانی دڵت دانە دانە بکرێنەوە، چیمەنی جوانی ژیانت ڕوو لە زیادی بێ و ژیانی پڕجوانت ئارام تر بێ، دڵ ئاسوودە بەختەوەر بی ئەزیزەکەم.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

**ئەوەی گەورەت دەکات تەمەنت نییە، ئازاری مەودای تەمەنتە، ئەزموونی تەمەنتە، وە ئەوەی بەهێزیشت دەکات ژیان نییە، تاقیکردنەوەکانی ژیانە! ڕوداوە سەختیەکانی ژیانە، چوون لێرەدا بیزانە کە.....**

**چەندان بەتەمەن هەن، وەلێ گەورە نین، چوون ئەزموون نەکراون.**

**وە گشت عالەمێ دەژی، وەلێ گشتمان بەهێز نین، چوون هێشتا تاقی نەکراونەتەوە. گەر هەست بە سەختی دەکەی لە ژیانت، ئەوا ئەتۆ بەدبەخت نیت، ئەتۆ بەڕاستی خۆشبەختی.**

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

**دڵێک بە یادی خودا ئارام نەبێتەوە، دەی جا سەد کەڕەتە ئەو دڵە زیادەیە لە جەستەت.**

**الا بذكر الله تطمئن القلوب...♡**

**✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿**

ئەزیزم بڕیار نەبوو بخەوی بەدیار کتێبەکەمەوە، مەگەر لەیلایەی بێ ئاگاکەرم چڕیوە، بڕیاربوو کەڵکێ وەرگری! بڕیاربوو دەست لەدەست بە بەرپەچی خۆمانەوە، کە ئارام ڕوانینە بەر بەڕووی ژیان ڕابوەستین، من خەریکم وەئاگات بێنم و چاوت بکەمەوە بەڕووی ژیانی دونیادا، لەیلایە ناچڕم تا خەو بتباتەوە، وایە؟

دەی، سستیت وەلانێ و پەڕە مەژمێرە تا بزانی چەنێکت بڕیوە و چەنت ماوە، خۆ تۆ پلەی پێوانەیی ناشکێنی، تەنیا وەئاگابە و سەرنجت بدەوە بە من و وشە و پەیامەکانم!....

خەریکی بزە دەکەی، چی بوو؟

بزەی جوان...

ئەوە مەبەستم بوو ئەزیزم

هەموو شتێ بە وزەوە تامی زیاترە، وایە؟

دەی دەست پێدەکەینەوە گەر وزەت پەیدا کردەوە، بە ئیزنی خودا...

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

# دڵێکی ماندوو، مێشکێکی بێ خەمی خەوتوو

وەک ئەوەی دەڵێ: دەستی برسی لەسەر سکی تێرە.. یا.. کێ کردی، کێ خواردنی...

تا ڕادەیەک هەر کامەیان ڕویەکی لێکچوویان هەیە لە هەر یەک لایەکی مەبەستی دەستەواژەی سەرەوە، وەلێ وەک ئەوەی بمانەوێ کە مێشک سەربخەین بەسەر دڵ، وەلێ مرۆڤ پێویستی تەواو سەرەکی بە هەردولایانە، بۆ بەردەوامبوونی لە ژیان، وەلێ لەهەر هەڵوێستێک مێشک ماندووە و، دڵ خاوەندارە، مێشک بیر دەکاتەوە و سترێسی هەیە، ئینسان دەڵێ: دڵم تەنگە. مێشک تەواوی بیرۆکەیەکی باشی ڕێک خستووە. ئینسان دەڵێ: دڵم پێی وتم ئەوە بکە، مێشکە بە بیرکردنەوە تەواو خۆی هۆگری کەسێ دەکا، کەچی هەر دڵ بە دەستەواژە دادەنرێت بۆ عاشق بوون. مێشک ماندووە، دڵ شوێنی دەگرێ و دەگوترێ دڵم بەرگری نەما و بێزارم. مێشکە هەستی گریان دەڕژێنێتە بینایی،کەچی پەیڤی دڵ بەکار هێنراوە، دڵم پڕ بووە. گەرچی مێشکە بەبیری کەسێک دێ و بیری دەکا، کەچی گوتراوە دڵم داوای ئەوە دەکا. بۆچی ناگوترێ مێشک؟ لەکاتێک... دڵ ماندووە و مێشکیش بێ خەم خەوتووە، حەتمەن دەستی برسی لەسەر سکی تێرە...

تێبینی: تەنها ڕای کەسییە، بێگومان مرۆڤ پێویستی بە هەردوو ئەندامە تا بتوانێ بێ کێشە و بە تەواوی توانای ژیانکردنی هەبێ..

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

# هۆکاری دروست بوونی تاریکیماڵەکەت خۆتیت

ماڵەکەت تاریکە، پەردەکان داخراون، چراکان کوژاونەتەوە، ئەوێ تەپ و تۆزاویە، تۆش لەژوورەوەیت و دانیشتویت و بیردەکەیتەوە، تەنیا بیر لە ڕق دەکەیتەوە بەرانبەر بەو تاریکییە، ئەوەندەی خۆت بە بێهیوایی ئەو تاریکیەوە سەرگەرم کردووە، لە بیری چارەسەرکردنی دابای ئێستا ماڵەکەت پڕ لە نوور بوو.

ئێمەی ئینسانەکان واین، جیا لەوەی توانای سەبرگرتنمان کەمە، نەفرەت لە هۆکاری کێشەکان دەکەین و تەواو، دەست بۆ چارەسەر نابەین، خۆت هۆکاری تاریکایی ماڵەکەتیت، خۆت! دەنا هەڵگیرساندنی چرایەک چارەسەرە، دە بەخودا پەردەکانت بکردایەوە بەس بوو، وەلێ تەنیا خۆت خەریکی ئەوە کرد کە هاتە پێشت و پێی سەر گەرم بووی، جیا لەوەش نەفرەتت لەبەرانبەر دروست کرد، کەچی چارەی ئەوەندە بوو، تەنها داگیرساندن و کردنەوە. دوو کرداری زۆر سادە، ئەگەر ڕق داینەگرتبای ئەودەم زووتر وەختێ دەتکردن ئەو ڕێگە چارانە، ڕەمزی هەموو کێشە و نارەحەتی ئینسانەکان ئاوایە، ئەوەندەی نەفرەت لەکێشەکە دەکەن، ئەوەندە سەبرگرنین ودەست بۆ چارەسەریی نابەن، سەبرگرتنیش یاسای خۆی هەیە، سەبرگرتنی جوان لە ئارامی و گەڕان بەدوای چارەسەر دایە.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

# داو و دەرمانی دڵان

دڵەکان، دڵە ماندوەکان

دڵە پڕ لە خەسرەتەکان.

حەسرەتی دووری، حەسرەتی خۆشەویستی،

دڵە بێ هیواکان و هیوا بڕاوەکانی دنیا

دڵە نەخۆش و بێ چارەکان

دڵە ماڵ هەژارەکان،

دڵە زەنگین خاوەن و هەمیشە غەمبارەکان،

دڵە بچوکی منداڵان و گەورەیی گەورەکان،

داو و دەرمانیان،

**قورئان و بەس.....**

تەبیب و چاردیدەیان، نووسەری قورئان،

**خالق و یەزدان....**

ڕوو لەوێ بکە و دەردی کوشندەی دڵی ماندووتی پێبڵێ و دەرمانێ وەرگرە، لە دەرمانخانەی گەردوونی قورئان، قەت بێ هیوا نەبی لەژیان، لە یادت بێ چەندت کێشە هەبێ، نارەحەتیت هەرچەنێک بێ،

دڵی بچووکت چەندە بێ ئۆقرە و ماندوو بێ، خوا هەیە و هەر بۆتۆش یاریدەی باش دەبێ.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

**هەندێ هەوڵدان ناوبراون بە هەوڵدانێکی بێ هودە**

**جا ئەگەر خەونەکەت بێ خەتا و گوناهیش بێ..**

**بۆچی؟**

**بێ ئاگایە لەوەی کە خودایەک هەیە، کە دەگەیەنێت بەوەی کە سەردەمانێک بە هەوڵدانێکی بێ هودە ناودەبرا؟ وشەکانت بۆ شتێک بەکاربهێنە کە بۆی بگونجێ، ئاگاداریش بە!!،خودایەک هەیە گەر ئاواتت تا بنی دەریا ڕۆچووبێ، ئەو دەستی پێی دەگاو، دەریدەهێنێ و بە پاکی دەیخاتەوە ناو دەستەکانت... خودا یوسفی ناوداری گەیاندەوە باوکی، کە وڵاتانێک لێک دوور بوون، ئیدی بەدیهێنانی خەونێک چیە؟**

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

هەندێ کات واز هێنان و دەستەبەردار بوون باشترە و ڕێگەچارەی خۆشبەختیتە! بۆ نموونە کاتێک تۆ شەیدای شتێکیت، یان کەسێکیت، ئیدی وا بیر دەکەیتەوە تۆ پێویستت بەو شتە یان کەسە هەیە، بۆ بەردەوام بوونت لە ژیان! وە ئەو لە خودا داوا دەکەیت، هەر داوای دەکەیت و خەبەریش نییە، بێ ئۆقرە دەبی و توورە دەبی، نارەزایی دەردەبڕی، دەی ئاخر چۆن دەبێ خودا نەمداتێ، دەی من پێویستم پێیەتی، بێ ئاگای لەوەی کە خەبەر و باسێکی زۆر خراپ و بە بەڵای لێت دوورخستەوە کە ئەوەی پێت نەداوە، دەی بۆت دەردەکەوێت دواتر، کە هەر شتێک کە خودا ئیزنی لەسەر بێت هەر ئەوەیە، چوون خودایە چارەنووس دیتی تۆ، نەک خۆت، دیارە ئاوا بۆتۆ باشترە، وەک لەوەی هەتبێ، داوات دەکرد و دەت وت ئەوەم دەوێ، ئەوە هی منە. دەی چی، لەوانەیە ئەوشتەی تۆ داوات دەکرد، وە بە شیاوی خۆتت دەزانی، هەر لەسەرەتاوە هی تۆو قیسمەتی تۆ نەبووبێ، دەی لەوانەیە ئەگەر بەدەستیشت گەیشتبا،کێ دەزانێ، لەوانەیە ببا بە ڕەمزی نارەحەتی و نەهامەتی پەشیمانی، خودا عالیمە، عالمی تۆشە بۆیە ناتداتێ.

لەگەڵ بڕیارەکانی ئەودا دڵ خۆشبە و ڕەزامەند بە، چوون ئەوانەی کە بەڕاستی هی تۆن و خودا بۆی داناوی، بێ شک بە جوانتر و باشترە، لەوەی کە خوازیارتە، تەنیا چاودێ و خۆراگرێکی پڕ مانا بە، خودا ئەوەی باشترینە دەیدا بەتۆ، کە بەهەشتە، گەر بەمەرجێ تەقوادار‌بی.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

**هەرگیز ئاوات بە شتێ مەخوازە کە خاوەندارە و هی تۆ نییە، چوون لەوانەیە ئەو بەو پەڕی ڕازەوە داوەی لە پەروەرێنی کردبێ، دەی چۆن خودا لێی بستێنێتەوە و بیدا بەتۆ.**

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

# هێز بە عیززەتە نەک ماسولکە

لە کۆنە زەمانەوە بەر گوێ و دیدان دەکەوێ، کە چەندان ئافرەت لە ژێر فشاری لێدان و ئازار دانی هاوسەرەکانیان یان براکانیان یان باوکانیانن، ئیدی لە هەر پەیوەندیەک دابێ، ئافرەت بووە بە سەرچاوە بۆ تاقیکردنەوەی هێزی ماسولکەیان، لێدان و کوتان دەکەن بە ڕەمزی پیاوەتیان، ئازاردان و ئەشکەنجەی ئافرەتان بە حەق دەزانن و گەر پیاوێ هەبا لە هاوسەر یا خوشک یا کچەکەی نەدابا، ئەوسا بە ناپیاو و بچووک هێز ناودەبرا.

بۆ مەگەر لێدان پیاوەتیە؟

بۆ مەگەر ئازاردانی ئافرەتان مانای هەبوونی هێزی ماسولکەییەکی باشە؟

بۆ مەگەر ئافرەت دار و بەرد و بالیفکەی بۆکسێنە، تا هێزتی پێ تاقی بکەیتەوە؟

شتێ میزاجت تێک بدا، یەکسەر کوتانی هاوسەر، لێدان و سەرتاپای لەش شکاندن، دەی پیاوەتیت لەبەر چاوان بەچی، بەوە؟ شەرم لەخۆت بکە گەر بەوەوە بە پیاو و نەجیبزادە و بەهێز ناسراوی چوون، هێز بە عیززەتی نەفسە نەک ماسولکە، وە پیاو بوونیش بە مانایە نەک قیافە و ڕوخسار و جەستە.. بە عیززەتە، یانی بە شکۆو ڕێز و کەسایەتییە، بە گەورەیی لە گوفتار و جوانی لە ڕۆشتن و پاکی لە

**مرۆڤبوونی حەقیقی، یانی هەبوونی کەسایەتیەکی هاوسەنگی لەسەرەخۆ و بیرفراوان و پڕ مەعریفەتی، وە پیاو بوونیش بە مانا، یانی پارێزەر و شکۆ پارێز و خۆشەویست و بە غیرەت و بە عیززەت.. پیاوبە و لە مانا دەرمەچۆ، وە بەهێزبە و لە ئازاردانیش وەدەر بچۆ.**

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

گەرچی دڵم غەمی زۆرە و نیازمە بۆتی دەربڕم، وەلێ دڵم ئەوەندە قووڵ بردویێتی هەتا خۆیشم بێ ئاگام لە هۆکاری، تەنیا هەستی پێدەکەم، ئەگەرچی.... هەستیش پێناسەی نییە و بەتاڵە و نەکراوە.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

ئه‌گه‌ر چی حاڵت خراپه‌ ئه‌زیزم، وه‌ڵێ ده‌سته‌ی ژیانت قه‌ت له‌ یاد نه‌که‌ی چرکه‌ ساتێ، بچۆ لای یه‌زدان، باسکه‌ ژیانت، بێژه‌ من ته‌نیام، له‌ دونیای ده‌ستت، ئه‌ی په‌ناگه‌ی دڵ، هه‌ر تۆم مه‌به‌سته‌، تۆ بوویت به‌که‌سم له‌ ژیانی ته‌نیام، وه‌فێرت کردم چۆن ببمه‌ فریام.

بێ هیوا مه‌به‌، هیوا براو بێ یه‌زدانه‌، تۆ که‌ ماڵ و حاڵت یه‌زدانه‌، حه‌قت ته‌نیا ژیانی پڕ و ئاوه‌دانه‌، له‌گه‌ڵ ئه‌ودا ئاسوده‌به‌، خودام مه‌به‌سته‌، خودانی تۆم مه‌به‌سته‌.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

## داهاتووت پەیوەست مەکە بە ڕابردووت، تەنێ پەیوەستی بکە بە ئێستا و بەس

قەرار نییە داهاتوو لە سەر ڕابردوو بنیات بنرێ، گرنگ ئێستایە، هەرچ لە ژیانی پێشترێت هاتبێتە کایەوە، دەنگوباسی ناگا بە داهاتوو، وەلێ گرنگ ئێستای تۆیە، گرنگە ئێستا چ دێتە کایەوە، چوون بۆ ئەوەی دونیات لەسەر ڕابردوو وە کار نەخەی، پێویستە ئێستات ڕۆشن و گونجاو بە داهاتوو بکەی، ڕابردوو بۆ داهاتوو دوورە،گەر بڕیاربێ زیانێ بە داهاتوو بگات، خەتا لە ئێستاتە، ئێستا لە سبەی نزیکە نەک دوێنێ، ڕاستە؟

وەلێ خوتخوتە و نەبێ، چ لە گۆڕێدا نییە تا ئەو دەمەی ئێستا، گەر دەست و بردێ بکەی لە خزمەت داهاتوو، لە دوو چووان مەچوو، ڕوودانیشی گەر بەدەست خۆت بووبێ، چاک بوون و وەخاسبوونەوەی بە دەست و بستی تۆ نابێ، ئارامبە و ئێستا لە هەوڵێ باشترکردنی داهاتووت بە، نەک لە خەمی ڕابردوو ڕەق بە، دونیات بنیات بنێ لەسەر ئێستات بە مەرجێ باشی بچێنی تا باشی بۆت دەربێ، وە لە ڕابردووش گەڕێ، بە باشکردنی ئێستات، ئەوێ وەلا دەچێ، دونیا ڕۆشن دەبێ گەر بڕیاربدەی ڕۆشنی ببینی...

ژیان سەخت مەکە و بڕۆ پێشێ، دونیا ۳ هەنگاوە...

ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو، ژیان بۆ داهاتووە، وەلێ لەسەر ئێستا داری چاندووە، ڕابردووش گەر دڵتەنگی و غەماوێر بێ، بێدەنگی بکە، بە

مەستی جوانی ئێستات، بۆ باشی داهاتووت، ژیان هەر ئەوەندەیە، وەلێ ئەوەندەش گرنگە.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

**لەسەر هەرشتێک کە بەسەرت دێ لە دونیا دا،**

**بڵێ الحمدلله**

**بەسینەی فراوانەوە، بە هەموو ئەوشتانە ڕازی بە کە خودا دەینێرێتە ژیانتەوە، ئەوە و ئەوەی تر و، هەمووی تێدەپەڕێ، دونیا کێشە بارانە، خودا بەیەک نیعمەتی جوانی تەنگ دیدی تۆ،کە ئینسان لە دونیادا بە کێشەو بەڵا ناوی دەبا، لە بەڵای ڕاستەقینەی دونیایی دەست بۆ پاراستنت دەبا.**

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

## ئارام ئارام..... لە ژیان بڕوانە

مرۆڤ کە لە دونیای خۆی دەڕوانێ بە تاقی تەنیا، ئیدی وا دەچەسپێنێ لە هزریدا کە ئەوەی خەمی هەیە بەس خۆیەتی، ئەوەی ناڕەحەتە و نائاسوودەیە، تەنێ خۆیەتی. تەنگەبەری دونیا هەر لە شانی ئەودا ئالاوە، بێ بیرکردنەوە و دیتنی ئەوانی دی، وەهای ڕوانی، ئیدی بەس ئەو ژیانی ناخۆشە و تەواو، بەرگەش ناگرێ، بڕیاری لەسەر ژیانی خۆی ڕەوازانی کە ئەو ژیانی ناخۆشە و تەواو، ئەزیزم ئێمەش هەین لە دونیادا کە بە کێشە داڵدە دراوین، تەنێ تۆزێ سەبرگرە، ئێرە دونیایە. بەس تۆیشی لێنیت تا بەس تۆ خەم و ئازارت هەبێ، خۆ دەبێ ئەوانی تر لە بەهەشت ژیان بکەن؟

بیشیزانە ئەوەی ئەتۆ بە غەم لە مێشکتدا هێشتوتەتەوە، لەوانەیە ئەسڵەن گرفت نەبێ، ئەسڵەن لەوانەیە حیکمەتێکی خوایی بێ و نیعمەتەکەشی بۆی هەیە پاراستنت بێ لە گرفتی ڕاستەقینەی دونیای بێ زەمیر! جا، بۆیە ئەزیزم چاک بڕوانە و وریابەوە، هاوسەرت لەگەڵت خراپە، تۆ حەقی ئەوەت نییە خۆت بکوژی، ئەوەتا ئاسیا، هاوسەرەکەی فیرعەون بوو ڕەمزی خراپەکاری سەر زەمین، کەچی نەک بیری خۆ کوژی تەنیا جارێکیش بەڕووی دونیادا نارەزا نەبوو، کە دەبینی خوداش ناوی بە بەرز ڕاگرت، هاوسەرەکەت بەقەد فیرعەون خراپە؟ وە پێغەمبەر ئادەم لە بەهەشت دەرکرا، تۆ تەنێ لە ماڵەکەشت دەرکراوی؟ گەرچی دوای هاتنی بۆ سەر زەوی، کورەکانی یەکدیان کوشت، ئازاری وەها لەخۆتدا شک دەبەی؟ هەست بە کەمتەرخەمی دەکەی لەلایەن خێزانەکەتەوە، دەرهەق بەتۆ؟ خۆ یوسفی نازدار هەوڵی کوشتنی درا، لە

لایەن ١١ براوە، دەردی دووری و لەدەست دانی عەزیزانت دەکێشی؟ خۆ یاعقوبی نەبی، بە لەدەست دانی بابی ئیسحاقی نەبی، وەپاشانیش، خۆشەویستترین هاوسەری وە مەرگێ بینی، پاشانیش خوشکی نازداری، لە ئەخیریش بە دەردی دووری یوسف دیدەی وە کزی هاتن، کەچی خۆڕاگریش ماوە، بەبێ دیدەیش، داودی نەبی هەموو شتێکی لە دونیادا لە دەستدا، تۆ چیت لەدەست دا؟ ژیان بۆ تۆ دروست نەکراوە تەنیا، تا تەنیا عەزاب بۆ تۆ بێ، خۆشەویسترینەکانی خوداش، نەبیەکان سەخت ژیاون، زیاتر و پڕ ژانتر لەوەی بەسەر تۆی بەندەدا دێن و هاتوون، کەچی سەیرکە ئەوە حیکمەت بووە و نیعمەتەکەشی بەهەشت بووە بۆ خۆڕاگران، تەنێ سەبرگرەو یەقیندار بە، یەقین شەرتە بۆ دونیای پڕ لە نەهامەتی، باوەڕ گرنگە بۆ بەردەوام بوون، بۆیە ئەزیزم، دەست هەڵگرە لەو تەنگەبەرەی کە لەناختا دروستت کردووە بەرانبەر بە ژیان و ئاسوودە بژی لە گێژەڵۆکی دونیا، بە یارمەتی خودا و بە یەقین و باوەڕبوون بەخودا، بێ خەم و بێ بیرکردنەوەی تەنگە ژینیەوە، ئارام ژیانی خۆت بکە و تەنێ ڕازی خودات مەبەستبێ و هەموو شتێ ناو مەنێ بە غەم، با نەبی بە ڕەمزی نارەزایی لە چاوی دونیاو، پشتیوانی لەگەڵ خودای خۆتا و بە بوونی باوەڕی پارێزەرانی، سەرکەوتنت نزیکە و ژیانت ئاسودەتر و پڕ لە جوانی تر.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

# قورئان

باشترین کتێبی ئەوساڵم،
پارساڵم،
گشت ساڵەکانم،
تا کۆتا ساڵم،
ئیلهامی بەهرە و کردەوەی چاکەم،
کتێبی خۆشەویستم،
قورئانی نەخشین و جوانم.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

مەگەر بڕیارە  ئەو خانووەی کە کەسێ جیێ دەهێڵی، هەڵەی خانووەکەبێ، لەوانەشە خاوەن ماڵ دڵی پێوەی نەبووبێ، بۆ بڕیارە خانویەک چۆڵ و هۆڵ و کەسی تێدا نەبێ، ئیللا شەرتە خێوی ڕقی تێدابێ؟ خۆ ڕەنگە لەسەرەتاوە ئەوەندە جوان بووبێ، خەڵک بۆی نەچووبێ بەتاڵ بووبێ، وە لە پاشانیش کە درکی بە چۆڵی خانوەکەبرد ئیدی بە پاڵیدا نەچووبێ و بڕیاری خێو و ڕق و جنۆکەی لەسەر درابێ، لەوانەیە ئەو خانووە ئەوەندە جوان بێ، کە چوویە ناوی، هەست بکەی لە تۆ زیاتر دێنێ، وەلێ نایزانیت، مەرج نییە خانویەک چۆڵ بێ، ئیللا خەراوە بێ، مەیکە بە قیاسی عالەم، ئەزیزم.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

# ئامانج و ژیان

لە هەر چرکەساتێکی تەمەنت، لە هەر پێ هەنگاوێک، لە هەر جوڵانەوەیەک، تۆ پێویستە ئامانجەکەت لەبەرچاو بێ، وە بە ئاکار گونجاوی دەرهەق بەئامانجەکەت، پێویستە هەنگاوەکانت ڕێکخەیت، بۆ ئەوەی ئامادەیی بۆ هەنگاوەکانی دواتر و پاشتر، پێویستە ئامانجێک بوونی هەبێ لە ژیانت، تا ڕێگایەکی دیاریکراوی بێ پەنا و پێچە، دوور لە بێ سەروبەری بگریە بەرێ، تۆ پێویستتە، فەرزە بۆت کە ئامانج بوونی هەبێ لە ژیانت، تا وجوودی ژیان لە دونیات هەبێ، وە لە گوفت و مانای ژیان تێبگەیت، ژیان واتا هەوڵدان لە پێناو چاککردنەوەی هەڵەیەکی دونیا و عالەم، وە ئامانجی ڕاستەقینە، خۆشی گشت دونیای مەبەستە، تا خۆی لە ژیانی ئەو دونیا و ئەم دونیایەدا، ئاسودە.... ژیانێک دروست بکات، ئەوەش تەنیا ئارام ڕوانینی دونیایی پێویستە، هەر لەمەڕ ئەوەش، لەبەر خاتری چاکخوازی خۆت و دونیا، پێت دەڵێم، ئارام ئارام، لە ژیان بڕوانەه.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

لە دڵت شوێنێک دروست بکە بە ناوی باخچە، وە خونچە گوڵێکی ناسک و جوانی بۆنخۆش لەو باخەدا بچێنە، دڵت بکە بە سەرچاوەی ئومێدت لەگەڵ گەشەپێدانی گوڵی چکۆلە، لە باخی چکۆڵەدا، هیوا بڕژێنە بەسەری، دەم دەم بە یادخستنەوەی ئەو ناسکە گوڵە کە لەدڵت، بە موحیببەتەوە پەروەردەی دەکەی، وەرە دەرێ لە جەنجاڵی دونیاو، با بۆنی خۆشی بەخەیاڵا بتباتەوە، وردە وردە، گوڵ چەکەرە دەکا و گەشەدەکات، باخیش ئیدی جێی گوڵانی نابێتەوە، ناچار وەبەر فراوانی دەدا بەرۆحت، گوڵان گەورە بوون، لێگەڕێ با زۆربن، با گەورەبن، لێگەڕێ هەتا با بۆنی خۆشی ئیدی، لە جەستەشت جێی نەمێنێ و وەدەر کەوێ، ئیدی باخی دڵت دونیایی گرتەو ەو گوڵی چکۆلەش، گەورەبووە و ژیانی پڕکردۆتەوە و ڕازاوەی کردووە بە سیمای جوانیت، دونیای بۆن خۆش کرد لە هەناسەت، سەیرکە ئومێد چەندە گەورە و ئاسان کردەیە، بە بەخێوکردنی باخێکی بچووک لە دڵت، دونیات بوو بە باخچەیەکی گەورە.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

ساتێک لەو وەختەساتانەی کە تێیدا ژیاون، پرسیارێکی تا رادەیەک ئەفسووناوی بە ڕێککەوت کەوتە پێشم، کە دوو هەڵبژاردەی تەواو مەحاڵ بوون، لەو بارودۆخەی ئێستا دا،خواستی ویستی تۆ کامانە دەبوو؟

1. دوو باڵت هەبا، بفڕیبایت، دوورکەویتەوە لەوانەی کە ئێستا روودەدەن؟
2. یا زیرەکیەکیەکی لە ڕادەبەدەر، کە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی هەبێت؟

وەک ئەوەی بەڕاستی لە نێوان ئەو دوو بژاردەیە دابم، بەجۆرێ سەرنجم خستبووە سەری بە بیرووریایەوە بیرم لێی دەکردەوە، بێگومان دڵم بۆلای باڵەکان ڕای دەکێشام، بەڵام بیرم وابوو، کە ئەوە ترسنۆکانەیە، کە تەنیا خۆمی لێ ڕزگار بکەم، وەک خۆدزینەوە و خۆپەرستی و هەڵاتنێک، دەهاتنە پێش چاوم، ئەوەم بۆخۆم قبووڵ نەدەبوو، خۆ هەموو ئینسانەکان ئەم هەلەیان بۆ نارەخسێ،کە دوو باڵ بە دەست بێنن، بەتەنیا ڕزگارکردنی خۆم و، سوتانی ئەوانی ترم لە دوای خۆمەوە، لاڕەوا نەبوو،

بۆیە دەستم بۆ دووەم دەبرد، ئەگەر هەموو کەسێ، بەتایبەت ئەوانەی کە بەڕاستی ئەو دوو بژاردەیان هەبا و ئاوا بیریان کردبایەوە، ئەوسا ژیان جۆرێکی تر دەبوو.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

# من کێم؟

قەت ئەوەت لە خودی خۆت پرسیوە من کێم؟

ئەی تەمات نییە لێی بپرسی؟ ئاگادار بە، وە درەنگێ نەکەوێ لێی، قەت لەخۆتت پرسیوە بوونم یانی چی؟ چ مەبەستێکم هەیە لە ژیان، من کێم؟ ئەوانە و پرسیارگەلی تر، کە چەند زووتر لە خوود بکرێ وە درەنگێ کەوتووە، پێویستە ئینسان لەخۆی بپرسێ من کێم، لەپێناو چی لە دونیادام، چیم مەبەستە لێرە، ئەدی خۆ لە خۆڕای ژیان ناکەم، دەبێ لەخۆت بپرسی کە چ شتێک هەیە پێناسەی من بکە، من بەچی بناسرێم، ئەی چۆن بەچاوی دونیا سەیر دەکرێن، خۆ دەبێ شتێ هەبێ پێوەی جیای دەرکەوم، دەی خۆ نابێ، بێ ناونیشان بم! هەموو ئینسانێک، کە دێتە دونیاوە، خودا بە بەهرەیەکی لەبن نەهاتوویەوە دەینێرێتە ژیانەوە، وە پێویستیت پێیدەبێ، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسانەی کە پێویستە لە خوودی خۆتی بکەی، وە پێویستت پێی دەبێ لە ژیان تا بۆی ڕابکەی و پەرەی پێبدەی، وە دەری بخەی و نیشانی دونیای بدەی و ناونیشان و پێناسەیەک بۆ خۆت پەیدا بکەی، پێویستە ئەو توانا و بەهرەی کە خودا بە شێوەیی و تا سەر بەتۆی بەخشیوە، چاو لێکەی و بیپارێزی و وە بەرێی بێنی و خۆتی پێ درووست بکەی، پێویستە دەست بە ژیان بکەی و تەمەن بەفیڕۆ نەدەی، دەست پێ بکەی و لە هەوڵی دۆزینەوەی خۆت بی و سەرەتا خۆت چارەسەر بکەی، تا دونیا وەبەرخاس بکەی..... دونیا بەو جۆرەی بەتەمبەڵیەوە وەسەر ناچێ، دەی خۆ هەر

ڕۆژێک دڵ لە بێ سەروبەریەت یان دەرچی یان بەیەکجار ڕۆداچی، تا زووە وەڵامی ئەو پرسە بدەوە **من کێم؟** چوون لەگەڵ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە ژیان وە گەشە دێ و دونیاش ڕووناک دەبێ.......ز

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

# لەکۆتاییشدا

لە ئێستادا، خەریکە لە کۆتا خاڵەکانی کتێبی خۆشەویستم، نزیک دەبمەوەو، خەریکە دەگەم بەو خۆشیەی کە مەبەستمە، لە کۆتا پەڕەکانی کتێبەکەم، دەمهەوێ بە ئامۆژگاریەکی بچووک، هەمیش گرنگ، کتێبەکەم بەکۆتا بێنم و ئیدی بیخەمە بەر دیدی جوانی تۆ، ئامۆژگاری من بۆ تۆ:کۆڵنەدان، بەردەوام بوونە، تا ئەو دەقەی کە ئەو شتەی مەبەستت بوو لە دەستەکانتدا دەیبینیت، هەر هەوڵبدە، تا وەک من بگەی بە ڕۆژی خۆشی خۆت، گرنگترین خاڵ بۆ سەرکەوتن، وەلانانی شت گەلێکە،کە حەتمەن دەگەڵ ئەواندا، وەدەست کەوتنی ئەوەی مەبەستتە گرانە بەردیدت بکەوێت، وەلانانی هەرچی شتە کە ڕێگرە، لەوەی ئەتۆ بەپاکی دەتهەوێ، دەریان بکە لە ژیانت، کەسانێک کە کار و کردەوەیان، کوشتن و خواردنی هیوا و شنگ و تاقەتتە، چاڵیان بخە گەل گوفتێ، کە بەزەینی تۆدا ڕۆدەچێ بۆ بێهیوا بوون، پشتگوێیان بخە، هەرچی شتە کە تەمای وایە گەورەیت لەبەر چاوان بچووک دەربخات، پاشان تا دەتوانی لەسەر ئەوشتە پتەوبە و نکۆڵی لە بەردانی بکە، بە مەرجێک ئازادیت دەرهەقە، کە بە هەڵە لە زەینتدا نەچەقیوێ، ئینجا لەیەک هەنگاوەوە دەستپێکە، یەکسەر پەرۆشی نایابی مەبە، کەسە نایابەکانیش لەو هەنگاوەوە وەکاریێ هاتوون، خوتخوتەو نەبێ، لە ئاخیرییشدا، بە هیوام سەرکەوتنت بە نسییب بێ.

✿✿✿ ✿✿✿ ✿✿✿

# پاشکۆی کتێب

من ئیدی هاتمە کۆتایی ڕێگاکەم لە کتێبەکەمدا، کە بە ماندووبوونێکی ئێجگار زۆر، وەلێ بە یەقینێکی ئێجگار گەورە پێیدا ڕۆشتم. الحمدلله، بە هەوڵ و باوەڕێکی زۆر وە ئەنجام و کۆتایی گەیشتم، بەپشتیوانی گەورەیی خودا، زۆر دڵخۆشم ئەگەر وەبەر دڵی تۆی خوێنەر کەوتبێت، شادتر دەبم ئەگەر لە یەک وشەشدابێت وەک قازانجێکی گەشتبی لێم، خۆشبەختر دەبم لە دونیا، دەمهەوێت ئاماژەی پێبدەم کە ڕاستە ئەوە چاوی سەری دەوێ بۆ دیتنێ، وەلێ لەم کتێبەی بەر دەستتان هەوڵێکی زۆرم داوەو، زۆریشی پێوە ماندوو بووم، وە دەمهەوێ بچەسپێ لە زەینتا، کە جیا لە ئایەتە پیرۆزە خۆشەویستەکانی خودای پڕ میهرم، یەک پەیڤی دی کۆپی و وەرگیراوەی هیچ کەسێکی غەیری خۆم نین، وە من دانیپێدا دەنێم کە ڕاستە ئەو بابەتانەم فۆکس خستۆتە سەری کە زۆر بەربڵاون و زۆرێکیش لەسەری وەباس هاتوون، وەلێ من ناتوانم لەسەر هەموو باسێ بدوێم و بابەت و پەیڤەکانم سنووردار کردوە و ئەگەرچی لە زەینمدا شت گەلی تر هەن کە بۆتان بدوێم، وەلێ هەرشتێ کە دەینووسم، لە بنەڕەتی دا تەجروبەی دنیایی خۆمم دەبێ هەبێ لەسەری، تا بتوانم توانام بەسەر بابەتەکەدا بشکێ و نەبمە جێی ڕەخنە و نەبمە تێکدەری بابەت، چوون ڕەنگە ڕواڵەتێکی ئێجگار گرنگ بێ. دووپاتی دەکەمەوە کە هیچ یەکێک لە نووسینەکانم، دەقی دزراو و وەرگیراوی هیچ نووسەرێک نین، تەنێ تەنیوەکانی بیروبڕوای خۆمن و نوسراوەیی دەستی خۆمن.

## ئارام ئارام..... لە ژیان بڕوانە

لە پێشەکی کتێبیش ئاماژەم بەوەدا کە ئەگەرچی وەکو یەکەم کتێبم ئەکید ناتوانم باشترینی جیهاننتان پێشکەش بکەم، وەلیَ خۆ دەتوانم باشترینی خۆم پێشکەش بکەم.

لە ئێستادا تەمەنێکی کەم و چکۆڵەم هەیە و کچێکم جاریَ تەنیَ بەدوای ئارامی ناخم کەوتووم، ئەگەرچی ئەو کتێبەش ئەوەم بۆ دەسەلمێنیَ کە گەورەیی بە تەمەن نییە و بەهێزیش بە زۆری ژیانکردن نییە. وە ئەزموونێکی باشم هەیە لە کتێب خوێندنەوە دا، هاوڕێیەکی گەلیَ دڵسۆزی منەو، بەرهەمی دڵسۆزیەکەیشیم لەبەر دیدی تۆیە، وەلیَ تا ئەو دەقە بەو ئەزموونە پڕەوە نەهاتووم و ناشگەم بە چارەکی کتێبێکی خۆشەویستم، وەلیَ بەخۆمم وتووە دەرەنجام و سەرەنجامی ئەو کتێبەم، ئەو حەز و کۆششەم هەرچۆنێک بیَ، باشبیَ یا خراپ بیَ، قەت لە نووسین وەڕەز نابم و بە باشتر دەست پێدەکەمەوە، حەقی کەمی دەدەم بەخۆم، وەلیَ قەت سفر و وازهێنان نا، چوون باشترین نووسەر، گەورەترین و عەزیمترین نووسەری سەر زەمین، وەک من بە یەکەم کتێبدا دەرکەوتووە و بە یەک وشە دەستی پێکردووە، بۆیە قەد لەو حەز و ئامانجەم وەڕەز نابم و بە باشتریش دەردەکەوم، بەڵێنی منە ئەگەر خودا تەمەنی ئەوەمبدات.

لە کۆتایشدا، بە ڕەخنەی ڕەخنەگری ئەزموونداار گەورەدەبم و بە هەر وشەیەکی جوانی دەرهەق بە کتێبم خۆشبەخت دەبمم، وە چاو بە هەموو سەرج و تێبینی هەریەکەتان دا دەخشێنم بۆ کتێبەکەم و پێی دڵخۆش و خۆشنوود دەبم، هەوڵی سەرەکیم سوودی تۆیە کە هەر

یەکێکیت خەریکی کۆتا لاپەڕی کتبێبەکەمیت و دەیخوێنیەوە، لە کەموکوڕی منێکی نووسەری چکۆڵە ببورن، چوون هیچمان کامڵ نین، وە بەهیوام کاتێکی پڕ خۆشیت لەگەڵمدا، لەو کتێبەدا بەسەر بردبێ.

وە سوپاست دەکەم کە تا ئاخیر پەیڤ دەگەڵمدا وەڕێکەوتی و، لەو کتێبەم دا تەنێ سوودی تۆم مەبەستە.

هەر بەختەوەر بن و، خودا حافیز.

**حەیات موحەممەدی**

**٢٠٢١/٤/٢٢**